Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

https://doi.org/10.24271/garmian.1003

# پەیوەندیەکانی نێوان یەکێتی نیشتمانی کوردستان و بزوتنەوەی ئیسلامی 1987-1999

**ژیلوان عبدالله احمد**

زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی –پەیمانگای تەکنیکی دوکان

***Article Info***

Received: January, 2019
Revised: January,2019
Accepted: February,2019

***Keywords***

بزوتنەوەی ئیسلامی ،گوڵەخانە ،ڕێککەوتنی تاران ،مەلاعوسمان عەبدولعەزیز،شەڕی ناوخۆ

***Corresponding Author***

zhelwanabdullah@gmail.com

## پوختە

ڕووداوەکانی نێو گۆڕەپانی سیاسی کوردستان لەکۆتایی هەشتاکان وسەرەتایی نەوەدەکان کاریگەری زۆری هەبوو بۆسەر پەیوەندی نێوان پارتەسیاسیەکان ،وهەروەها ڕەنگدانەوەی هەبوو بەسەر کۆی کایەی سیاسی باشوری کوردستان ،یەکێك لەوکایانەی پەیوەندی نێوان پارتەسیاسیەکان بوو،هەرکاتێك پەیوەندی نێوان پارتە سیاسیەکان باش بوبێت کاریگەری هەبووە لەسەر بارودۆخی کوردستان ،ئەم پەیوەندیانەش بەگوێرەی دەسەڵات وتواناوهێزی لایەنەکان وگۆڕانی بارودۆخی سیاسی کوردستان گۆڕانی بەخۆوە بینیوە،هەندێك جار باش وهەندێك جاریش خراپ بووەوتەنانەت شەڕی نێوخۆیی و براکوژی لێکەوتۆتەوە،یەکێك لەوبواری پەیوەندیانە بریتیە لەپەیوەندیەکانی نێوان یەکێتی نیشتمانی کوردستان وبزوتنەوەی ئیسلامی کوردستان لەنێوان ساڵانی 1987بۆ1999،وەك دوو پارتی سیاسی چەکداروکاریگەری سەر گۆڕەپانی سیاسی و ئایدۆلۆجی جیاواز لەم قۆناغەدا. پێکهاتەی توێژینەوەکە: توێژینەوەکەمان بەسەرچەند تەوەرەیەکی سەرەکیدا دابەشکردووە،بەم شێوەیەی خوارەوە: لەتەوەرەی یەکەمدا،سەرەتا باسی پەیوەندیەکانی نێوان هەردوولامان کردووە،لەسەرەتای دامەزراندنی بزوتنەوەی ئیسلامی لەساڵی 1987تاوەکو ڕاپەڕینی ئازاری 1991لەباشوری کوردستان. تەوەرەی دووەم :باسمان لەپەیوەندیەکانی نێوان یەکێتی وبزوتنەوە کردووەلەدوای ڕاپەڕین تاوەکوهەڵبژاردنەکانی 1992/5/19باشوری کوردستان و دواتر. تەوەرەی سێیەم:باسی پەیوەندیەکانمان کردوە لەدوای هەڵبژاردنەکان تاوەکو ساڵی 1993. تەوەرەی چوارەم:باسی هۆکارەکانی تێکچوونی پەیوەندیەکانی نێوان هەردوولامان کردووەلەساڵی 1993و1994،پاشان باسی ڕووداوەکانمان کردووە. تەوەرەی پێنجەم:باسی پەیوەندیەکانی یەکێتی و بزوتنەوەمان لەساڵی 1994بۆ 1996کردووە. تەوەرەی شەشەم:ڕێککەوتنی تاران لەساڵی 1997وبەشداری بزوتنەوە لەکابینەی ئیدارەی سلێمانی و ڕۆڵی لەئاسایی بونەوەی پەیوەندیەکانی نێوان ئەودوو لایەنەمان کردووە،تاوەکو ساڵی 1999و دروستکردنی بزوتنەوەی یەکبونی ئیسلامی . بۆئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە پشتمان بەکۆمەڵێك سەرچاوەویادداشتی سیاسیەکان و چاوپێکەوتن و بەڵگەنامەی ئەوقۆناغە بەستوە،کەلەلیستی سەرچاوەکاندا ئاماژەی بۆکراوە.

## پێشەکی

ڕووداوەکانی نێو گۆڕەپانی سیاسی کوردستان لەکۆتایی هەشتاکان وسەرەتایی نەوەدەکان کاریگەری زۆری هەبوو بۆسەر پەیوەندی نێوان پارتەسیاسیەکان ،وهەروەها ڕەنگدانەوەی هەبوو بەسەر کۆی کایەی سیاسی باشوری کوردستان ،یەکێك لەوکایانەی پەیوەندی نێوان پارتەسیاسیەکان بوو،هەرکاتێك پەیوەندی نێوان پارتە سیاسیەکان باش بوبێت کاریگەری هەبووە لەسەر بارودۆخی کوردستان ،ئەم پەیوەندیانەش بەگوێرەی دەسەڵات وتواناوهێزی لایەنەکان وگۆڕانی بارودۆخی سیاسی کوردستان گۆڕانی بەخۆوە بینیوە،هەندێك جار باش وهەندێك جاریش خراپ بووەوتەنانەت شەڕی نێوخۆیی و براکوژی لێکەوتۆتەوە،یەکێك لەوبواری پەیوەندیانە بریتیە لەپەیوەندیەکانی نێوان یەکێتی نیشتمانی کوردستان وبزوتنەوەی ئیسلامی کوردستان لەنێوان ساڵانی 1987بۆ1999،وەك دوو پارتی سیاسی چەکداروکاریگەری سەر گۆڕەپانی سیاسی و ئایدۆلۆجی جیاوازلەم قۆناغەدا.

هۆکارەکانی هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە بۆتوێژینەوە (پەیوەندیەکانی نێوان یەکێتی نیشتمانی کوردستان وبزوتنەوەی ئیسلامی 1987-1999)،بۆئەوەدەگەڕێتەوە،کە هەتاوەکو ئێستا بەشێوەیەکی زانستی وئەکادیمی ولەچوارچێوەی توێژینەوەدا باس

لەپەیوەندیەکانی نێوان ئەم دووپارتە نەکراوە،ئەوەشی کەهەتاوەکو ئێستا نوسراوەزیاتر لایەنگیری حزبی وئایدۆلۆجی پێوەدیارە،ئەویش تەنها لەچوارچێوەی باسکردن بووەلە مێژووی پارتەکان یان شارەکان،هەروەها زۆرگرنگە بەشێوەیەکی زانستی باس لەپەیوەندی لایەنەکان دوور لەدەمارگیری حزبایەتی بکرێ ،تاوەکو وەك مێژوویەکی تۆمارکراوی بەڵگەدار ببێتە بەشێك لەتۆمارکردنی مێژووی گەلی کورد لەوقۆناغەدا.

## میتۆدی توێژینەوەکە

هەوڵمانداوە لەنوسینی ئەم توێژینەوەیەدا پشت بەمیتۆدی لێکۆڵینەوەی زانستی مێژوویی ببەستین کەلەسەر بنچینەی شیکردنەوەوهەڵێنجان سەرچاوەی گرتووە،ئەمەش بە تێڕامان ووردبونەوە لەسەرچاوە مێژووییەکان وبەڵگەنامە باوەڕپێکراوەکانی پارت وڕێکخراو وگروپە سیاسیە جیاجیاکانی سەر گۆڕەپانی کوردستان و نێوچەکە.

## گرفتەکانی بەردەم توێژینەوەکە

لەکاتی کۆکردنەوەی زانیاری لەسەربەشە جیاوازەکانی ئەم توێژینەوەیەدا،دووچاری چەندین گرفت وئاستەنگ بووین،لەوانە:دستنەکەوتنی هەندێك سەرچاوەوبەڵگەنامەی پێویست کەڕەنگە تائێستا بەشاراوەیی مابێتنەوە،هەروەها کەمی کات وئامادەنەبوونی ئەو کەسایەتیانەی کەبەشداری ڕووداوەکان بوون لەوقۆناغەدا بۆچاوپێکەوتن ،بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا لەمیانەی خوێندنەوەو وردبونەوە لەڕووداوەکان و بەراوردکردنی وشیکردنەوەیاندا،توانیومانە بەشێکی زۆری لایەنەنادیارەکانیان بخەیەنەڕوو،کەسەرچاوەکان وەك پێویست ڕوونیان نەکردۆتەوە.

## پێکهاتەی توێژینەوەکە

توێژینەوەکەمان بەسەرچەند تەوەرەیەکی سەرەکیدا دابەشکردووە،بەم شێوەیەی خوارەوە:

لەتەوەرەی یەکەمدا،سەرەتا باسی پەیوەندیەکانی نێوان هەردوولامان کردووە،لەسەرەتای دامەزراندنی بزوتنەوەی ئیسلامی لەساڵی 1987تاوەکو ڕاپەڕینی ئازاری 1991لەباشوری کوردستان.

تەوەرەی دووەم :باسمان لەپەیوەندیەکانی نێوان یەکێتی وبزوتنەوە کردووەلەدوای ڕاپەڕین تاوەکوهەڵبژاردنەکانی 1992/5/19باشوری کوردستان و دواتر.

تەوەرەی سێیەم:باسی پەیوەندیەکانمان کردوە لەدوای هەڵبژاردنەکان تاوەکو ساڵی 1993.

تەوەرەی چوارەم:باسی هۆکارەکانی تێکچوونی پەیوەندیەکانی نێوان هەردوولامان کردووەلەساڵی 1993و1994،پاشان باسی ڕووداوەکانمان کردووە.

تەوەرەی پێنجەم:باسی پەیوەندیەکانی یەکێتی و بزوتنەوەمان لەساڵی 1994بۆ 1996کردووە.

تەوەرەی شەشەم:ڕێککەوتنی تاران لەساڵی 1997وبەشداری بزوتنەوە لەکابینەی ئیدارەی سلێمانی و ڕۆڵی لەئاسایی بونەوەی پەیوەندیەکانی نێوان ئەودوو لایەنەمان کردووە،تاوەکو ساڵی 1999و دروستکردنی بزوتنەوەی یەکبونی ئیسلامی.

بۆئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە پشتمان بەکۆمەڵێك سەرچاوەویادداشتی سیاسیەکان و چاوپێکەوتن و بەڵگەنامەی ئەوقۆناغە بەستوە،کەلەلیستی سەرچاوەکاندا ئاماژەی بۆکراوە.

تەوەرەی یەکەم:سەرەتای پەیوەندیەکانی نێوان یەکێتی وبزوتنەوەی ئیسلامی لەنێوان ساڵی 1987-1991

لەبەرئەوەی دروستبونی بزوتنەوەی ئیسلامی لەدوای ئاشتبونەوەی گشتی پارتەسیاسیە بەرهەڵستکارە کوردەکانی حکومەتی عێراق دروستبوو،لەساڵی 1987کە نزیکەی ساڵێك زیاتر بووکۆتایی بەشەڕی ناوخۆی نێوپارتە کوردیەکان هاتبوو،لەبەرئەوە ئەم بارودۆخە وگەلاڵەبوون ودروستبونی بەرەی کوردستانی کاریگەری هەبوو لەسەرپەیوەندیەکانیان.

سەرەتای ئەم پەیوەندیانە دەگەڕێتەوە بۆساڵی1987وچەند مانگێك دوای دروستبونی بزوتنەوەی ئیسلامی ،ئەوەش بەدەست پێشخەری بزوتنەوەی ئیسلامی بوو،کە شاندێکیان بەئەندامێتی هەریەك لە(مەلا عەلی عەبدولعەزیزو شێخ محەمەد بەرزنجی و سیدنجم الدینی هەڵبجەی وعەلی باپیر) سەردانی گوێزێ دەکەن ،شاندەکە لەلایەن هەریەك لە(فوئادمەعسوم و ئاوات عەبدولغەفورو نازم دەباغ و ئەندامێکی مەکتەب سیاسی و سەرکردایەتی )لەیەکێتی نیشتمانی کوردستان پێشوازی دەکرێن،پاشان ڕێککەوتنێك واژۆ دەکەن ،بەشێوەیەکی گشتی پەیوەندی نێوان یەکێتی وبزوتنەوەی ئیسلامی لەئاستێکی باشدابووە ،هەرلەم بارەشەوە چەندین جار لەسەر ئاستی باڵاو سەرکردایەتی سەردانی یەکتریان کردووە،بۆنمونە لەکۆتایی ساڵی 1987جەلال تاڵەبانی سکرتێری یەکێتی نیشتمانی کوردستان سەردانی بارەگای بزوتنەوەی ئیسلامی کردو چەند دانیشتنێکی لەگەڵ ئەندامانی شوراو مەکتەبی ئیرشادی بزوتنەوەدا ئەنجامدا .

هەرلەم بارەیەوە دواتر شاندێکی بزوتنەوەی ئیسلامی کە پێکهاتبون لە(عەلی باپیرومەحمودی ئازادی و مەلاجیهاد)،لەڕۆژی 1987/11/30لەمیانەی جەولەیەکیان بەناو ناوچەکانی دۆڵی جافایەتیدا دەچنە سەرگەڵو،لەگەڵ (فوئاد مەعسوم)ی ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتیدا کۆدەبنەوە،هەرچەندە ئەم کۆبونەوەیە بۆڕێککەوتن نەبوو،بەڵام گرنگ بوو بۆبەهێزکردنی پەیوەندیەکان ونواندنی ئاسانکاری وئاڵوگۆڕی بیروڕا،دواتر ئەم شاندە لەگەڵ نەوشیروان مستەفاش کۆدەبنەوە ،هەروەها ڕۆژی

(1989/3/6)سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان سەردانی ڕابەری گشتی بزوتنەوەی کرد،هەرسەبارەت بەم پەیوەندیانە،جەلال تاڵەبانی دەڵێت:بزوتنەوە هاوپەیمانی یەکێتی نیشتمانیە ،...ڕێککەوتنی توندوتۆڵ لەنێوانماندا هەیە .

عەلی باپیر دەڵێ:(لەهاوینی ساڵی 1989بەبۆنەی گەڕانەوەی لەهەندەران وبەمەبەستی یەکدی ناسین و پێك ئاشنابوون ،وەك شاندێکی بزوتنەوە،سەردانی مام جەلالمان کرد لەقاسمەڕەش،کە ئەکاتە سەرکردایەتی لەوێ بوو،شاندەکەی ئێمە جگەلەخۆم ئەمانەش بوون:مەحمودی ئازادی ،مەلاسەلمان ،حەسەن بابەکر،مەلا ڕەسوڵی زەنگڵ) ،هەرچەندە لەسەر ئاستی مەیدانی لەچەند ناوچەیەك گرژی و ناکۆکی کەوتە نێوانیان ،بەڵام لەم قۆناغەدا نەگەیشتە ئاستی تەقە لەیەکترکردن و شەڕەی بەرەیی ، بەهەوڵی ڕابەری گشتی بزوتنەوەوسکرتێری گشتی یەکێتی چارەسەرکران ، دوای ئەوەش شاندێکی یەکێتی بەسەرۆکایەتی جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتی یەکێتی سەردانی سەرکردایەتی بزوتنەوەیان کرد لەشاری سنە،لەوێ لە نوسینگەی عوسمان عەبدولعەزیز ڕابەری گشتی بزوتنەوە کۆبونەوە،ئەمەش بۆئاساییکردنەوەی زیاتری پەیوەندیەکانیان بوو .

تەوەرەی دووەم :پەیوەندیەکانی هەردوو حزب لەنێوان ڕاپەڕینی 1991و یەکەمین هەڵبژاردن لەباشوری کوردستان

بەرلەڕاپەڕینی ئازاری 1991،هەماهەنگی وپەیوەندیەکی ئاسایی وباش لەنیوان یەکێتی نیشتمانی کوردستان وبزوتنەوەی ئیسلامیدا هەبوو،هەروەك ئاماژەمان بۆکرد چەندین دیدارو کۆبونەوە لەسەر ئاستی ناوچەکان وسەرکردایەتی هەردوولا ئەنجامدا،ئەو بارودۆخی لایەنەسیاسیەکانی باشوری کوردستانی تێدابوو ،لەدوای وەستانی شەڕی عێراق-ئێران لەساڵی 1988و ئەنفالەکان بەدواوە سەرجەم پارتەکان بنکەو بارەگای سەرەکی وسەرکردایەتیان گواستبوەوە ناوخاك وسەرسنوری ئێران.

دواتر کەبەرەی کوردستانی پێکهات ،کە یەکێتی نیشتمانی کوردستان لایەنێکی سەرەکی بوو تێیدا،پەیوەندیەکانیان لەگەڵ بزوتنەوە ئاسایی بوو،هەرچەندە بزوتنەوەی ئیسلامی بەشداری نەکردو نەبوە لایەنێکی نێو بەرەی کوردستانی ،هەروەك عەلی باپیر ئاماژەی بۆدەکات: زۆر عەودال نەبوین بۆبەشداری لەبەرەی کوردستانیدا،ئەوانیش پێیان نەوتین ، هەروەها باس لەوەدەکات ئەوەی بەرەی کوردستانی پێکهێنا ناوەرۆکەکەی ئەوەبوو ،کەجارێکی تر شەڕنەکەن ،ناچاری ئەوە کەشەڕ نەکەن،ئەوناچاریەش بۆئێمە نەبوو،نەچاوەڕێ بوین کەس شەڕمان بکات،نەشەڕ لەگەڵ کەس بکەین ،بەڵام بیروڕای جیاوازمان هەبوو،تێبینیمان لەسەر هەندێك شت هەبوو،لەوانە:مەسەلەی گومرگ ،کەبەنەگونجاومان دەبینی لەگەڵ بارودۆخی خۆماندا،بەڵام ئەوە ڕێی لێنەگرتین کەهەماهەنگی وهاوکاریمان هەبێ ،هاموشۆودانیشتنمان هەبوو. بزوتنەوە لەبەرئەوە نەچوە ناوبەرەی کوردستانییەوە،چونکە لایەنەسیاسیەکان هەمویان کەوتبونە ناو شەڕی ناوخۆیی ،ئەمەش متمانەی بزوتنەوەی بەو بەرەیە زۆر لاواز کردبوو. بۆچونیکی تر پێی وایە لایەنەسیاسیەکانی ناوبەرەی کوردستانی هەموویان ڕەوتی عەلمانی بوون ،بزوتنەوە خۆی بەناکۆك دەزانی لەگەڵ ڕەوتی عەلمانی بێت ،هەروەها خۆی بەبەشێك لەبزوتنەوەی ئیسلامی جیهانی دادەنا ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین هاوکاری وهەماهەنگی لەنێوان بزوتنەوەویەکێتیدا هەبووە،یەکێك لەوچالاکیە سەربازیانە،کەهەماهەنگی وپەیوەندی یەکێتی و بزوتنەوەی دەرخست،بریتیبوولە ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی شاری هەڵەبجە، لەوپلانەدا کەبۆ ئازادکردنی شارەکە دانرابوو،هێزی بزوتنەوەی ئیسلامی بەرپرسیارێتی لۆجیستی لەگەڵ هێزەکانی ئێران وەرگرت ،هەروەها بزوتنەوەی ئیسلامی بەشداری دووەم کۆبونەوەی کرماشانی کرد،لەڕێگەی نوێنەرەکانی بزوتنەوە ،کە(مەلاعەلی عەبدولعەزیز)جێگری ڕابەری گشتی ولێپرسراوی مەکتەب عەسکەری و(شێخ محەمەد بەرزنجی)مەکتەبی سیاسی بوون.

کۆبونەوەی سێیەم کۆبونەوەیەکی دووقۆڵی بوو لەنێوان یەکێتی نیشتمانی کوردستان وبزوتنەوەی ئیسلامی لەشاری پاوە لەبارەگای یەکێتی ،نوێنەری بزوتنەوە (مەلاعەلی عەبدولعەزیز وشێخ محەمەد بەرزنجی)بوون ونوێنەری یەکێتیش (شەوکەتی حاجی مشیروساڵح قادر)بەشدار بوون،باسی هاوکاری دووقۆڵی کرا،کە بزوتنەوە لەدەوربەری هەڵەبجەدا خەڵکیان هەبوو،شارەزاتر بوون لەحزبەکانی تر ،واتە بزوتنەوەی ئیسلامی لەچوار کۆبونەوەی سەرجەم لایەنەکان بۆشەڕی هەڵەبجە،دوو کۆبونەوە بەشدار بوون ، واتا بزوتنەوەی ئیسلامی ویەکێتی نیشتمانی کوردستان سەرەڕای ئەوە کەبزوتنەوە بەشدارو لایەنێکی نێو بەرەی کوردستانی نەبوو،بەڵام هاوکاری وهەماهەنگی وپەیوەندیەکی باش هەبووە لەنێوانیاندا ،بەشداری لەئازادکردنی هەندێك ناوچەی دەوربەری هەڵەبجەوخورماڵداکردو هەندێك ڕەبایەی حکومەتی گرت ،پاش ڕوودوای کارەساتی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەش بەهاواری خەڵکیەوە چوون.

لەساڵی 1989-1991پێش ڕاپەڕینیش ،واتە لەدوای ئەوەی پێشمەرگە لەکوردستان نەما،چووە ئێران تاڕاپەڕینی 1991/3پەیوەندی نێوان یەکێتی و بزوتنەوە ئاسایی بوو،لەبەرئەوەی ئەوسا زۆر کاریان بەیەك نەبوو،شۆڕش کزولاوازبوو ،بەری کاروچالاکی سەربازی تەسك بوو،گیروگرفتیکی

ئەوتۆی خراپیان لەنیواندا نەبوو،پەیوەندیشیان لەگەڵ یەکتر بەهێزنەبوو،هەر نەبێ ململانێی ئایدۆلۆژیاو بەرژەوەندیان لەنێواندا نەبوو .

سەبارەت بە پەیوەندیەکانی نێوان یەکێتی وبزوتنەوە لەم قۆناغەدا ئاسایی بوو،ڕازیبو بزوتنەوە بێتە ناوچە ئازادکراوەکان وهاوکاریکردن ،هەرچەندە بزوتنەوە بەشێك نەبوو لەبەری کوردستانی ،یەکێتی بەشێکی سەرەکی ناوبەرەی کوردستانی بوو،هەرکە حکومەتی عێراق هێرشی کردەسەر کوێت وگرتی لە1990/8/2وپاشان هاوپەیمانان هەڕەشەی لێدانیان لێکرد لەحاڵی نەکشانەوەیدا ،هەموو لایەنەسیاسیەکان کەوتنە خۆ سازدان وئامادەکاریی هێزی پێشمەرگەو گەڕانەوە سەرسنورەکان وپەیوەندیکردن بەڕێکخستنەکانیانەوە ،بۆئەمەش ڕاوێژوئاگا لەیەکتر بونێك هەبوو،چونکە ئەو جموجۆڵانە بەتایبەت بۆبزوتنەوەی ئیسلامی کەلایەنێکی دەرەوەی بەرەی کوردستانی بوو،بەبێ تەنسیق وڕاوێژ بێ کێشە نەدەبوو،بۆنمونە،لەسنوری سونێ ،کە کەهێزەکانی یەکێتی و حزبەکانی دیکەو بزوتنەوەشی بەرێژەیەکی زۆر لێ بوو،قسەو سەردان هەبوون لەنێوانیاندا ،کەکەیی وچۆن ولەکوێوە دابەزن. هێزی بزوتنەوەی ئیسلامی ورێکخستنەکانی وشانە چەکدارەکانیان بەشداریان لەئازادکردنی شارەکانداکرد ،واتە بەر لەڕاپەڕینی 1991بزوتنەوە بەگشتی لەگەڵ لایەنە کوردستانیەکاندا قسەی هەبوو بۆڕاپەڕین بەتایبەت لەگەڵ یەکێتی ،چونکە یەکێتی لەزۆر شوێنی کوردستان باڵادەست بوو،خاوەن هێزێکی باش بوو،ئەوەش لەسەر ئاستی سەرکردایەتی وناوچەکان هەبوو .

سەرەتای ڕاپەڕین لەناوچەکانی باشوری عێراق لەڕۆژی 1991/2/28دەستیپێکرد، بەسەرکردایەتی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی عێراق وبەپشتیوانی ئێران لەناوچەکانی عەممارەوزۆنگاوەکان بەرەو بەسرەوجێگەکانی تر ،لەکوردستانیش لەڕۆژی 1991/2/27هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەستیکرد بەجموجۆڵ لەسەر سنوری ئێراندا لە1991/3/4 بەرەو شارۆچکەکان بەڕێکەوتن ، هەرلەبەرایی ئامادەسازیکاندا،دوو ئەرکی زۆر گرنگ بۆهەریەك لەلایەنە سیاسیەکان هاتنە پێش،یەکەمیان :کۆکردنەوەو ئامادەسازی هێزی پێشمەرگە و،دووەمیشیان:ڕاسپاردنی ڕێکخستنەکان بۆ خۆتەیارکردن و پێکهێنانی شانەی چەکداری وجۆشدانی جەماوەرو پەیوەندیکردن بەزانایان وسەرۆك هۆزوتەنانەت موستەشارەکانەوە، پێش ڕاپەڕین ڕێکخستنە نهێنیەکانی بزوتنەوەی ئیسلامی بەسەرپەرشتی (تالب چاوشین)ڕێکخستنی ڕەوتە ئیسلامیەکان دروستدەکەن .

سەبارەت بەپەیوەندی و هەماهەنگی نێوان یەکێتی وبزوتنەوە لەقۆناغی ڕاپەڕیندا ،شوان ڕابەر کەخۆی لەڕووداوەکاندا بەشدار بووە دەڵێ :لەهەموو ناوچەکان،کەلە1991/3 دابەزینە ناوشاروچارۆچکەکان لەماوەی یەك مانگدا تاپاشەکشەکردنی هەردوولامان لەماوەی ڕاپەڕینەکە،لەهەندێ شوێن پەیوەندی وهەماهەنگیمان زۆرباش بوو،کارمان لەگەڵ یەکتر دەکرد،هاوسەنگەروهاوهێرش بوین، لەڕزگارکردنی شارەکانی سلێمانی وهەولێروشارۆچکەکانی تر هێزەکانی یەکێتی وبزوتنەوە هەماهەنگ وهاوکاری یەکتربوون،پەیوەندیەکی ئاساییان هەبوو .

لە1991/3/2هێزی بزوتنەوەی ئیسلامی نزیکەی 300پێشمەرگەی لەقۆڵی سلێمانی بۆکەرکوك بەشداربوون ،تاشەڕی سەربازگەی خالد ، هەروەها لەئازادکردنی هەولێرو ڕانیەو پشدەرو جێگاکانی تر بەشداریەکی کاریگەری هەبوو،چەندین قوربانیان لەپێناو ئازادکردنی کەرکوکدا،شەوی 1991/3/28لەکاتی هێرشی بەعس بۆ گرتنەوەی کەرکوك 9کەسیان لێکوژرا ،لەتاسڵوجەش بەرگریەکی باشیان کرد،2 پێشمەرگەیان دەکوژرێت و7بریشیان بریندار دەبێت .

هەروەها لەشەڕی دەربەند(کۆڕێ)شدا کەدانوستانی بەرەی کوردستانی وحکومەتی عێراق لێکەوتەوە ،بزوتنەوەی بەشداریەکی کارای هەبوو ،بەهەرحاڵ لەدوای وەستانی شەڕەکان لەناوەڕاستی مانگی 1991/4و دەستپێکردنی گفتوگۆکانی نێوان پێشمەرگەو حکومەت،یەکێتی بەڕەسمی گەڕایەوە شارەکان ،بزوتنەوەش ئەگەرچی لەشەڕەکانی ڕاپەڕین وپاشماوەکانیشی زۆر بەگەرمی و بەجدی بەشداریکرد ، شوان ڕابەر ئاماژە بەوەدەکات کە ئەوسا لەشەڕی کۆڕێ و لەسەرەتای دانوستانی نێوان حکومەت وپێشمەرگەش لەگەڵ عەبدولقادری برایەتی و کۆسرەت ڕەسوڵ و ئەوان لەسەر پردی کۆڕێ ماینەوە ،ڕۆژی پاشتریش لەشەقڵاوە بەشداری دانوستانەکانی نیوان پێشمەرگەو حکومەتمان کرد، بەگوێرەی سەرچاوەیەك بزوتنەوە لەو شەڕەدا کەحکومەتی عێراق بەچەکی قورس هێرشی کردە سەر هێزەکانی پێشمەرگە ،شەش قوربانیدا . بەگوێرەی هەندێك ئاماریش بزوتنەوەی ئیسلامی لەپاڵ لایەنەکانی تری بەرەی کوردستانی لەسەرەتای ڕاپەڕینەوە تا کۆڕەکە (41)قوربانیداوە .

سەرکەوتنەکە کورتخایەن بوو،ڕاپەڕینەکەی باشوری عێراق سەرکوتکرا،حکومەتی عێراهێزەکانی بەچەکی قورسەوە ڕەوانەی باکور کرد،لە3/28 هێزەکوردیەکان ناچارکران لەکەرکوك دەربچن ،دواتر هەولێرو ئینجا دهۆك وزاخۆ ،ئاکامەکەشی ئاوارەبوونی دووملیۆن و نیو کەسی بوو بۆناچە شاخاویەکان و سەرسنورەکانی ئێران وتورکیا، لە 1991/4/5ئەنجومەنی ئاسایش بڕیاری ژمارە (688) ی دەرکرد ،کە دواتر ڕاگەیاندنی پەناگەی ئارام وفڕینی فڕۆکە جەنگیەکانی عێراق لەباکوری هێڵی 36ی پانیەوە قەدەغەکرد .

لەسەرەتای نیسانی 1991 قۆناغی یەکەمی دانوستانەکانی نێوان بەرەی کوردستانی وحکومەتی عێراق بەڕێوەچوو، بەگشتی تەوەرەی دانوستانەکان بریتیبون لە:ئاسایکردنەوە بارودۆخی کوردستان ودیاریکردنی سنوری ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان ،دیموکراسیەت و فرەحزبی لەعێراقدا ، دوای چەندین قۆناغ لەدانوستان ،ئەوەبوو بەرەی کوردستانی ڕایگەیاند کەحکومەتی عێراق ئامادەنیە خاڵەکانی دانوستان جێبەجێ بکات . بزوتنەوەی ئیسلامی هەر لەسەرەتاوە دژی دانوستان بوو لەگەڵ حکومەت ، لەلایەکی ترەوە باس لەوەدەکرێت کەبەرەی کوردستانی بزوتنەوەی بانگهێشت نەکردبوو بۆ دانوستانەکان.

تەوەرەی سێیەم :پەیوەندیەکانی بزوتنەوەو یەکێتی لەدوای هەڵبژاردنەکانی 1992

حکومەتی عێراق لە 1991/10/26 دامودەزگا کارگێڕیەکانی لەهەرسێ پارێزگاکەی سلێمانی وهەولێرودهۆك کێشایەوە،ئابلۆقەیەکەی ئابوری توندی بەسەرهەرێمی کوردستاندا سەپاند،بەهۆیەوە بەرپرسیارێتیەکی گەورە کەوتە ئەستۆی بەرەی کوردستانی ،ئەویش بریتیبوو لەپاراستنی خەڵك وخاکی هەرێمەکەو بەڕێوەبردنیان،بەشێوەیەکی سەربەخۆو دوور لەهیچ دەسەڵاتێکی دەوڵەتی عێراق ،لەبەرئەوە ئەبوو ڕێگەیەکی شەرعی بدۆزێتەوە بۆ بەڕێوەبردنی سیستەمی سیاسی لەهەرێمی کوردستان ، ئەویش بریتیبوو لەهەڵبژاردن لەنێوان سەرجەم لایەنە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان،بەڵام بزوتنەوەی ئیسلامی هەرچەندە لەدەرەوەی بەرەی کوردستانی بوو،بەڵام پێشوازی لەو هەڵبژاردانەکردوو ،داواری لەلایەنگران وئەندامانی خۆی کرد کەبەپەرۆشەوە بەشداری بکەن و هانی خەڵکیش بدەن تاوەکو بەشداری بکات .

ئەوەبوو لە1992/4/28بەرەی کوردستانی ولیژنەیەك لەمافناس ودادوەران بڕیاری ژمارە(1)ی ساڵی 1992یان دەرکرد،تایبەت بەهەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق ،لەبڕیارێکی تردا یاسای هەڵبژاردنی ڕابەری ڕزگاریخوازی کورد دەرچوو ، سەرەنجام ڕۆژی یەکشەممە 1992/5/17 دیاریکرا ، بەڵام بەهۆی چەند هۆکارێکەوە دواخرا بۆڕۆژی 1992/5/19 .

بزوتنەوەی ئیسلامیش وەك پارتێکی سیاسی هەرێمی کوردستان پشتیوانی خۆی بۆهەڵبژاردنەکە دەربڕی،لەبەیاننامەیەکی مەکتەبی سیاسی ئەوحزبەدا هەڵوێستی خۆی ڕاگەیاند بۆبەشداریکردن لەهەڵبژاردنەکەدا وەك لیستی ئیسلامی،بەشێوەی سەربەخۆو بێ پێویست بوون لەگەڵ لایەنێکی تر .ناوی93کەسی وەك کاندید بۆپەرلەمانی کوردستان تۆمارکرد ،عوسمان عەبدولعەزیزمحەمەد ڕابەری گشتی بزوتنەوەش بەشداری هەڵبژاردنی ڕابەری بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کرد.

سەرەنجام لەڕۆژی 1992/5/19هەڵبژاردن ئەنجامدرا ،لیستی بزوتنەوەی ئیسلامی (49108)دەنگی بەدەست هێنابوو،کەڕێژەکەی دەیکردە(5,77%)دەنگەکان ،کەمتر بوو لەڕێژەی لە7%و سێیەمین پلەبوو لەسەر ئاستی هەرێم ،سەرەنجام بزوتنەوەی ئیسلامی نەیتوانی هیچ کورسیەك بەدەست بهێنێت ولەبەیاننامەیەکدا نارەزایی خۆی لەئەنجامی هەڵبژاردنەکان ڕاگەیاند ،سەبارەت بەکۆی دەنگی ڕابەری بزوتنەوەش لەکۆی (982649)دەنگ کەدرابوو بۆ ڕابەی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان ،تەنها (38865)دەنگی بەدەست هینابوو .

لەدوای ڕاگەیاندنی دەرەنجامەکانی هەڵبژاردن ،لەڕۆژی 1992/6/6 پەرلەمانی کوردستان ،بڕیاری لەسەر پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا لەماوەی یەك مانگدا ،لە 1992/7/14 یەکەمین کابینەی حکومەت بەسەرۆکایەتی (فوئاد مەعسوم)وبەجێگری (ڕۆژ نوری شاوەیش)پێکهات ،لەگەڵ 15 وەزیز .

سەبارەت بەپەیوەندیەکانی یەکێتی وبزوتنەوە لەم قۆناغەدا باش بوو،هیچ کێشەیەکی ئەوتۆ لەنێوان ئەم دووپارتەدا کە جێگەی باس بێت نەبوو،هەرچەندە بزوتنەوەی ئیسلامی هەوڵیدا وەزارەتی داد یان نیشتەجێکردن وەربگرێ ،بەڵام بەشداری پێنەکرا ،هەرچەندە عوسمان عەبدولعەزیزی ڕابەری بزوتنەوە ئەوە دوو پات دەکاتەوە کەئەوان پشگیری حکومەتی هەرێم دەکەن وداوای وەزارەتی ئەوقافیان کردووە ،بەڵام ئەوەشیان پێنەدرا،لەگەڵ ئەوەشدا بزوتنەوە پشگیری خۆی بۆ حکومەتی هەرێم دوپات کردەوەو ڕایگەیاند کەپێویستە هەموو لایەك پارێزگاری لێبکەن .

لە1992/10/4 هێزی پێشمەرگەی یەکێتی لەسایەی بەرەی کوردستانی کەوتنە شەڕەوە لەگەڵ (پارتی کرێکارانی کوردستان)وتا 1992/10/27ی خایاند ،شەڕەکە وەستاو ڕێککەوتنێکی چوار خاڵیان بەمەبەستی ئاگربەست لە 1992/10/29 بەست ،بەرەی کوردستانی ڕایگەیاند کە 100 پێشمەرگەی کوژراوە،پەکەکەش دانینا بەکوشتنی 150 کەربلای خۆیان ،بزوتنەوەی ئیسلامی بەشداری ئەم شەڕەی نەکردو دژی بوو ،تەنانەت بزوتنەوە هەوڵی نێوەندگیری بۆکۆتایهێنان بەشەڕەکە دەدات.

19/4/1993لەشاری هەولێر شاندێکی باڵای بزوتنەوە ویەکێتی نیشتمانی کوردستان کۆبونەوەیەکی هاوبەشیان ئەنجامدا، ڕۆژێك پێشتریش شاندێکی یەکێتی سەردانی سەرکردایەتی بزوتنەوەی کردبوو،بەمەبەستی وتوێژی دوو قۆڵی کۆبونەوە هاوبەشەکەی هەردوولا،لەسەر بەشداریکردنی بزوتنەوە لەکابینەی دووەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو .

ئەوەبوو (عوسمان عەبدولعەزیز) لەچاوپێکەوتنێکدا لەبارەی هەڵوێستیان لەسەر حکومەتی هەرێم وبەشداریکردنی بزوتنەوە لەکابینەی حکومەت ئاماژە بەوەدەکات ،یارمەتیدەری حکومەتی هەرێمی کوردستانن وداوای وەزارەتی ئەوقاف یان پەروەردە دەکات ،ئەوەبوو کابینەی دووەمی حکومەت لە1993/4/25پێکهات ،کەتیایدا کۆسرەت ڕەسوڵ شوێنی فوئاد مەعسومی گرتەوە وەك سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ،ڕۆژ نوری شاوەیس وەك جێگری سەرۆك وەزیران مایەوە .

تەوەری چوارەم :هۆکارەکانی تێکچوونی پەیوەندی نێوان یەکێتی و بزوتنەوە لەساڵی 1993 وگرنگترین ڕووداوەکانی نێوانیان

لەهاوینی 1993بەدواوە پەیوەندیەکانی یەکێتی وبزوتنەوە تێکچوو ،تەنانەت شەڕێکی سەختی خوێناویشی لێکەوتەوە ،ئەمەش بەهۆی چەند فاکتەرێکەوەبوو،کە دەتوانین گرنگترینیان لەمانەدا کورت بکەینەوە:

یەکەم :ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ساڵی 1992 یەکێتی وپارتی دیموکراتی کوردستانی کردە خاوەن دەسەڵات وئەوهێزانەی کەبەهۆی کەمی ڕێژەی دەنگدانەوە نەچونە پەرلەمانەوە،لەدەسەڵات دوور کەوتنەوە،کەبوەهۆی دروستبونی شەڕوپێکدادان لەنیوان پارتەکانی دەرەوەی دەسەڵات لەگەڵ پارتەکانی ناو دەسەڵات،حزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ پارتی لەکانونی یەکەمی 1993 کەوتە شەڕەوە،هەروەها بزوتنەوەی لەگەڵ یەکێتی کەوتە شەڕەوە،ئەمە وایکرد حسك لەیەکێتی نزێك ببێتەوەو بزوتنەوەش لەپارتی ،واتە هەڵبژاردنەکان بەدیوێکی تردا بوبەهۆی قوڵکردنەوەی کێشەناوخۆیەکان کەڕەنگدانەوەی بەسەر پەیوەندیە دەرەکیەکانی هەرێم کرد .

دووەم :یەکێتی نیشتمانی کوردستان هەڵگری تێکەڵەیەك لەئایدۆلۆژیای مارکسی و سۆشیال دیموکرات بوو،بزوتنەوەی ئیسلامیش جیهادی ئیسلامی بوو،ئەم ئایدۆلۆژیانە بەتەواوی ناکۆك و دژ بەیەك بوون،بۆیە ئاساییە بەریەککەوتن وڕووبەڕووبونەوە لەنێوان ئەم دوو هیزە جیاوازە ڕووبدات ،لایەنی هزری کاریگەری خۆی لەسەر جۆری پەیوەندیەکان دەکرد،بزوتنەوە دژی بیری کۆمۆنیزم وناسۆنالیزم بوو ،بەتایبەت کەهەردوو هێزەکە پێگەی دەسەڵاتیان لەناوچەیەکی جوگرافی دیاریکراودا بێت،کە ئەویش پارێزگای سلێمانی بوو .

سێیەم :لەنێو هەردوو پارتەکەدا کەسانی توندرەوخاوەن لایەنگیرو پێگەی سەربازی هەبوون ورۆڵیان لەخۆشکردن وبەردەوامیدان بەناکۆکیەکان و دروستبونی شەڕوپێکدادان دەدا،بەمەش شەڕ لەناوچەیەکی بچوك دەستی پێکردو زۆربەی ناوچەکانی کوردستانی گرتەوە.

چوارەم:هۆیەکی تری تێکچوونی پەیوەندیەکانیان وشەڕی نێوخۆی نێوان ئەم دوو لایەنە بۆیەکتر قبوڵ نەکردن وپاوانکردنی گۆڕەپانی سیاسی دەگەڕێتەوە.

پێنجەم :یەکێتی کەلایەنێکی سەرەکی پێکهێنەری حکومەت وپەرلەمان بوو،نەیدەویست هێزێکی چەکداری وەك بزوتنەوە لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیدا بێ ،بەتایبەت کەبزوتنەوە لەوکاتەدا خەریکی خۆ پڕچەککردن ومەشقی سەربازی بوو .

شەشەم:هۆکارێکی تر هەروەك خۆیان ئاماژەی بۆدەکەن ،لەلایەنی بزوتنەوەشەوە ،کەهیزێکی تازەنەفەس و کەم ئەزموون بوو،سەرکردایەتیەکی باش هاوکێشە نێوخۆیی وهەرێمی ودەولیەکانی نەدەخوێندەوە،لایەنی سۆزوسەرەڕۆی زاڵ بوو،بەسەر عەقڵ و مەنتیقدا بەتایبەتی لەنێو هیزەکانی پێشمەرگەیدا،هەبوونی جۆرێك لەخۆبایی بون بەهۆی ئەوهێزەی هەیبوو،گرنگی نەدانی پێویست بەلایەنی بەرامبەر،لەبواری ئەزمون وشەڕوسیاسەت وپەیوەندیەکان ودارایی وتوانای داراییەوە .

حەوتەم:هۆکارێکی تری ناڕاستەوخۆی ئەم شەڕە هەروەك محەمەدی حاجی مەحمود ئاماژەی بۆدەکات ،کە بەهاندانی وتارەکانی مەلاعەلی باپیرومەلا کرێکارو لێپرسراوانی بزوتنەوەی ئیسلامی لەخۆبایی بوونی خۆیان توشی ئەم شەڕە لەگەڵ یەکێتی بوو .

حەوتەم:بونی هێزی چەکدار ،یەکێك لەهۆکارە سەرەکیەکانی دروستبونی شەڕی ناوخۆ لەساڵانی نەوەدەکان بەگشتی وتێکچوونی پەیوەندیەکانی بزوتنەوەویەکێتی لەوقۆناغەدا دەگەڕێتەوە بۆبوونی هێزی چەکداری حزبی ونارێکخراو،ئەمەش دەبوەمایەی ئەوەی کە هەرکاتێك ناکۆکیەکی سیاسی ڕوویدەدا،بۆبەلاداخستنی پەنا بۆچەك ببرێ ،هەروەك ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی ئاماژەی بۆدەکات،زۆرجار لەجیاتی زمانی گفتوگۆ بەلولەی تفەنگ سیاسەتمان دەبرد بەڕێوە،بەرژەوەندی تەسك بەسەر گۆڕەپانی تێگەیشتنی فراواندا زاڵبوە،بۆلابەلاکردنەوە گرفتەکان .

سەرەتای یەکەمین شەڕوپێکدادانی ڕاستەوخۆی نێوان بزوتنەوەویەکێتی دەگەڕێتەوە بۆمانگی تەموزی 1993لەکەلار ،دواتر چەندین کوژراوبریندار لەنێوان هەردوولادا لێدەکەوێتەوە .دواتر ئەوەبوو سەرکردایەتی هەردوولا لەڕۆژی 1993/10/18بۆ تەشەنەنەسەندنی زیاتری شەڕەکە، ڕێککەوتنێك واژۆدەکەن ،لەلایەن بزوتنەوەوە (مەلاکرێکارو عبدالرحمان نەورەسی)ولەلایەن یەکێتیەوە(ڕەسوڵ مامەندو فەرەیدون عبدالقادر) بوون .بەڵام هەروەك لەڕووداوەکانی تردا دەبینین ئەم ڕێککەوتنەش نەبوە مایەی ئاسایی کردنەوەی تەواوی

پەیوەندیەکان لەوساڵەدا،بەڵکو شەڕوپێکدادانەکان بەردەوام بوون.

وەك ئەوەی لەمانگی کانونی یەکەمی ئەوساڵەدا شەڕێکی تر دروستبو،سەرەتای شەڕوپێکدادانەکەش وەك لەڕاپۆرتی مەکتەبی ڕاگەیاندنی بزوتنەوەی ئیسلامیدا هاتووە،دەگەڕێتەوە بۆدەمەقاڵێی نێوان دووچەکداری یەکێتی وبزوتنەوە لە1993/12/15لەبەردەم بارەگای بزوتنەوە لەشاری کفری ، ڕاپۆرتەکەی بزوتنەوە باس لەوەدەکات ،کەچەکدارێکی یەکێتی تەقەچەکدارەکانی بزوتنەوە دەکات وبریندایان دەکات،دوای ئەوەش بزوتنەوەی ئیسلامی ئەوچەکدارەی یەکێتی لای خۆی دەستگیردەکات،دوای ئەوڕووداوە بەرپرسی میحوەری حەوتی بزوتنەوە بەناوی (جەلال)لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکی خۆی دەگەڕێتەوە بۆشاری کفری ،بۆچارەسەکردنی کێشەکە لە1993/12/17،بەڵام پێش گەیشتنی بەشاری کفری دەکەوێتە بۆسەیەکی پێشمەرگەکانی یەکێتیەوەو(4)پێشمەرگەی بزوتنەوە دەکوژرێن . هەرچەندە بۆئاسایی کردنەوە دۆخەکە ،بەرپرسانی هەردوولا گەیشتبونە چارەسەرێك وڕێککەوتنێکیشیان مۆرکردبوو،کە کەسانی تاوانبار ڕادەستی یاسا بکەن ،نوێنەری یەکێتی (مستەفا چاوڕەش)و نوێنەری بزوتنەوە(شێخ محەمەد بەرزنجی)بوو .

یەکێك لەکوژراوەکانی بزوتنەوە بەناوی (هیوا ڕەسوڵ ڕەشید)خەڵکی ڕانیەبوو،لەکاتی ناشتنی تەرمەکەی مەراسیمێکی گەورەی بۆڕێکخراو ژمارەیەکی زۆری خەڵك لەهەموو چین وتوێژەکان بەشداریان تێداکرد ،تەنانەت خەڵك لەناوچەو شارەکانی دیکەی باشوری کوردستان بەشداریان تێداکرد،ئەمەش لە1993/12/19 بوو،کەدواتر شەڕوپێکدادانی لێکەوتەوە . شایانی باسە لەناو خۆپیشاندەراندا ژمارەیەکی زۆر چەکدار بەشداربوون ،دواتر هێرش کرایە سەرکۆمیتەی ڕێکخستنی یەکێتی لەڕانیە،لەئەنجامدا (6)کەس لەئەندامانی یەکێتی کوژران،(محەمەد سوڵتان دێهات)لێپرسراوی کۆمیتەکەو چەند ئەندام کۆمیتەیەکی تر لەناو کوژراوەکاندا بوون ، (18)کەسیش دەستگیرکران ،بزوتنەوەی ئیسلامی وەك لەڕابۆرتی مەکتەبی ڕاگەیاندن هاتووە،ئاماژە بەوەدەکات کەلەکۆمیتەی یەکێتیەوە تەقە لەخۆپیشاندەران کراوەو ئەندامێکی بزوتنەوە کوژراوەویەکێکی تریش بریندابووە،بۆیە ئەوانیش هێرشیان کردۆتە سەر کۆمیتەی یەکێتی ،هەرچۆنێك بێت پێکدادانەکانی ڕانیە بەرەی شەڕی فراوانکردو شارو شارۆچکەکانی (چوارقوڕنە،حاجیاوا،سەروچاوە،قەڵادزێ،کۆیە،شەقڵاوە،هەریرو دیانە)ی گرتەوە،ئەمەش لە1993/12/20دا بوو .

بۆچارەسەرکردنی ئەوکێشانە ڕۆژی 1993/12/22نوێنەرانی یەکێتی وبزوتنەوە ،پارتی کۆبونەوەو لەسەر چەند خاڵێك پێکهاتن ،لەوانە:دەستبەجێ ڕاگرتنی شەڕ لەوناوچانەی کەشەڕی تیدایە،ڕاگرتنی هەمووجۆرە هێز کۆکردنەوەیەك،ڕاگرتنی هێرشی ڕاگەیاندن لەسەر یەکتر،ئازادکردنی گیراوەکانی هەردوولا،دروستکردنی لیژنەیەکی سێ قۆڵی بۆدیاریکردنی تاوانباری ڕووداوەکانی ڕۆژی 1993/12/20ی ڕانیەو ڕادەستکردنی بەدادگا،هەریەك لە(قادرقادر)لەپارتی و(ئەحمەد شەریف) لەیەکێتی و(عەلی باپیرو مەغدید حسین) لەبزوتنەوە بەشداری کۆبونەوەکە بوون.

بەمەبەستی ڕێگریکردن لەوەی شەڕو پێکدادانەکان شارەکانی (هەولێرو سلێمانی)نەگرێتەوە کۆبونەوەیەکی تری سێ قۆڵی لەنێوان یەکێتی وپارتی وبزوتنەوە لەڕۆژی 1993/12/22ئەنجامدرا،لەکۆبونەوەکەدا هەریەك لە(کۆسرەت ڕەسوڵ)سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران وئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی و(ڕۆژ نوری شاوەیس)جێگری سەرۆك وەزیران وئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی و(شێخ محەمەد بەرزنجی)ئەندامی مەکتەبی سیاسی بزوتنەوە بەشداربوون ،لەکۆبونەوەکەدا باس لەم خاڵانەکرا:هەوڵدان بۆئەوەی شەڕو پێکدادان شارەکانی سلێمانی وهەولێر نەگرێتەوە،ئیدانەکردنی کوشت وکوشتارەکانی ڕووداوەکانی چەند ڕۆژی رابردوو،گۆڕینەوەی دیلەکانی هەردوولا،نەهێشتنی دیاردەی چەك هەڵگرتنی نایاسایی لەناوشارو شارۆچەکەکاندا، کۆنترۆڵکردنی ئەو شوێنانەی کەشەڕوپێکدادانی تێدابووە، لەلایەن سوپای یەکگرتووی پێشمەرگەی کوردستانەوە.

ئەم کۆبونەوەیەش بێ ئەنجام مایەوەونەیتوانی چارەسەری کێشەکان بکات و شەڕوپێکدادانەکان ڕابگرێت ،دوای ئەوەی یەکێتی دەستی بەسەر بەشێکی زۆری ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی بزوتنەوەی ئیسلامیدا گرت ،ناوچەکانی ڕێگای (هەولێر،حاجی ئۆمەران ،بارەگای بەستۆرە،شارۆچکە،شارۆچکەی هەریر، هاوینەهەوارە شەقڵاوە، شارۆچکەی دیانە،حامیەی ڕەواندوز، ڕێگای هەولێر-کۆیە-سلێمانی ،شاری کۆیە ،چیای هەیبەسوڵتان ،قەڵادزێ ،چوارقوڕنە، حاجیاوا، سەنگەسەر ،ژاراوە،سەروچاوە)کەوتنە دەست هێزەکانی یەکێتی.

بۆیە ڕۆژی 1992/12/25 بەسەرپەرشتی مەسعودبارزانی وئامادەبوونی هەردوو مەکتەبی سیاسی یەکێتی وپارتی ونوێنەری بزوتنەوە (شێخ محەمەد بەرزنجی)ڕێککەوتنێکی دیکە واژۆکرا،گرنگترین خاڵەکانی ڕێککەوتنەکە بریتیبون لە:بەپەلە شەڕ لەسەرانسەری کوردستان ڕابگیرێ ،بزوتنەوە لەکوردستان دەبێ ئیدانەی کارەساتی ڕانیە بکات،تاوانبارانی هەردوولا دەبێ

بدرێنە دادگا،هەردوولا دیلەکان ئازادبکەن،بارەگای چەکدارەکانی بزوتنەوە لەهەموو شارەکان بکشێنەوە .بەڵام ئەم ڕێککەوتنەش نەبوەهۆی ئەوەی بەیەکجاری شەڕ بوەستێت ونەگاتە شارەکانی تر،چەکی قورسیان لەناوبازارەکانیش بەکارهێنا .

دوای ئەوەی یەکێتی ناوچەیەکی زۆری لەژێر دەستی بزوتنەوە دەرهێنا فشاری لەسەر سەرکردایەتی بزوتنەوەی ئیسلامی لەبێتواتە دروستکرد،لەڕۆژی 1993/12/25بزوتنەوە لەکاتژمێر3,30خولەکی پاش نیوەڕۆ هێرشی کردە سەربارەگای بەشی پەیوەندییە کۆمەڵاتییەکانی مەڵبەندی ڕێکخستنی سلێمانی لەگەڕەکی توی مەلیك وچەند پێشمەرگەیەکی یەکێتی کوژران وبریندار بوون ،ئەمەش بۆکردنەوەی بەرەیەکی تری شەڕبوو تاوەکو لەوڕێگەیەوە فشاربوو لەسەر سەرکردایەتی بزوتنەوە لەبێتواتە کەم بکەنەوە.

دوای ئەوەی یەکێتی هێرشی کردە سەر بارەگاکانی بزوتنەوە لەشاری سلێمانی شەڕدەستپێکرد،شەڕەکە لەگەڕەکی توی مەلیك،کەبارەگای سەرەکی بزوتنەوەی لێبوو گەرمبوو،هەروەها هێرشکرایەسەر مزگەوتی (ئیمان) کە(مەلاعومەر چنگیانی)پێش نوێژووتار خوێنی بوو،لەدوای کوژرانی چەند پێشمەرگەیەکی بزوتنەوە مزگەوتەکە کۆنترۆڵکراو پاشان سوتێنرا، هەرهەمان ڕۆژ کارێزی وەستا شەریف لەلایەن یەکێتیەوە کۆنترۆڵکرا .

دواتریش یەکێتی هێرشی کردەسەر بارەگای سەرەکی بزوتنەوەی ئیسلامی لەتوی مەلیك،لەنزیك شەقامی شەست مەتری ،کەئەوکاتە مزگەوتی جیهادیش وەك بنکەیەك بۆپاڵپشتی بارەگای سەرەکی بزوتنەوە بەدەست بزوتنەوەی ئیسلامیەوە بوو،یەکێتی لەتەنکی ئاوەکەی توی مەلیکەوە دۆشکاو چەکی قورسی بەرامبەر بارەگای سەرەکی بزوتنەوە دانا، بزوتنەوەش لەاری هەولێر لەبەرامبەر ئەم کارانەی یەکێتی لەشاری هەولێر9 پێشمەرگەی یەکێتی دەکوژن ،بەڵام دوای ئەوەی لەبەربەیانی 1993/12/26کاتژمێر10پێش نیوەڕۆ،بارەگای سەرەکی بزوتنەوە لەسەر ئەشکەوتان لەناوچەی بێتواتە دەگیرێت ،عوسمان عەبدولعەزیزی ڕابەری گشتی بزوتنەوە دەست بەسەر دەکرێت ،دواتر ڕادەستی پارتی کرا، لەشاری سلێمانیش بزوتنەوە تواناە بەرگری نامێنێت وژمارەیەکی زۆریان خۆیان ڕادەستی هێزەکانی یەکێتی دەکەن .

لەدوای گرتنی بارەگای سەرکردایەتی بزوتنەوە لەناوچەی بێتوانە ،مەسعود بارزانی بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە،کەتێیدا هاتبوو :بەڵێ لەناو شاری سلێمانی وهەولێر بزوتنەوە دەست پێشخەریان کرد،بەڵام ئەبێ هەموو حەقیقەتەکان بگوترێن ،ئەمە لەکاتێکدا بوو کەهێرشی هێزەکانی یەکێتی بۆسەرسەرکردایەتی بزوتنەوە لەبێتواتە دەستی پێکردبوو،کەئەمەش بە پێچەوانەی ئیتیفاق ئێمە بووە،ئێمە مەسئولین بەرامبەر بەم وەزعە ناتوانین هەروەك تەماشاچی بوەستین وشارەکان بکەونە بەرئاگری هەمووجۆرە چەکێك ،بۆمن نابێ لەهەئیەتێکدابم ،ئیلتیزام بە بڕیارەکانی نەکرێت ،یان دەبێ یاسا حاکم بێت یان چیتر تەحەمولی ئەم وەزعە ناکەین.

دواتر بۆئەوەی خوێنی زیاتر نەڕژێت وهاوڵاتیانی شاری سلێمانی توشی زیان نەبن، محەمەدی حاجی مەحمود ئاماژە بەوەدەکات پەیوەندیان بەهەردوو لایەنی بزوتنەوەو یەکێتی کردووەو قەناعەتیان بەبزوتنەوە کردووە ،کەخۆیان ڕادەست بکەن ،بەمەرجێك گیانیان پارێزراوبێت ،بۆیە بەو شێوەیە بزوتنەوە لەشاری سلێمانی خۆیان ڕادەستی هێزەکانی یەکێتی کر ،هەرلەم بارەیەوە (حەسەنی حەمەخالید) ڕۆڵێکی دیاری هەبوو لەوەی کەشەڕەکە زیاتر لەناو شاری سلێمانی تەشەنە نەسێنێ و یەکێتی هێرش نەکاتە سەر بارەگاکانی تری بزوتنەوە.

دواحار لە1994/2/17 بزوتنەوە ویەکێتی بەئامادەبوونی (عوسمان عەبدولعەزیز)ڕابەری بزوتنەوەو (جەلال تالەبانی)سکرتێری یەکێتی و (مەسعود بارزانی) سەرۆکی پارتی و(ئەحمەد چەلەبی )سەرۆکی لیژنەی جێبەجێکردنی کۆنگرەی یەکگرتووی عێراق ،لەسەر چەند خاڵێك ڕێککەوتن ،کە گرنگترینیان :ناکۆکییەکانی ڕابردوو وەلادەنرێت و لاپەڕەیەکی نوێ لەپەیوەندییەکانیان هەڵدەدەنەوە ،واز لە تاوانبارکردنی یەکتر دەهێنن ،ئازادکردنی هەموو دیل ودەستبەسەرەکانی هەردوولا ، ئەم ڕێککەوتنە لەئەدەبیاتی بزوتنەوەی ئیسلامی بەڕێککەوتنی (ڕەمەزان)ناسراوە .

تەوەرەی پێنجەم : پەیوەندیەکانی نێوان یەکێتی وبزوتنەوە لەنیوان ساڵانی 1994-1997

دوای ڕێککەوتنی شوباتی 1994،پەیوەندیەکانی نێوان یەکێتی وبزوتنەوە،هەرچەندە ئاگربەست هەبوو،شەڕی ڕاستەوخۆ نەبوو،بەڵام نەبوە مایەی کۆتایی هێنان بەشەڕوململانێی چەکداری نێوانیان،چونکە سەرکردایەتی مەیدانی بزوتنەوەی ئیسلامی بەوڕێککەوتنە ڕازی نەبوون،وایان لێکدەدایەوە کەهیچ ڕێزێکی بۆبزوتنەوە تێدانیە،لەبارودۆخێکی نائاساییدا کراوە ،لەڕۆژی 1994/5/3شەڕێکی تری نێوخۆی هەرێمی کوردستانی گرتەوە،لەنێوان یەکێتی وپارتیدا،خولی یەکەمی شەڕەکە سەرەتا لە شارۆچکەی قەڵادزێ دەستی پێکردودواتر زۆربەی ناوچەکانی هەرێمی کوردستانی گرتەوە.

سەبارەت بەپەیوەندیەکانی نێوان یەکێتی وبزوتنەوە ئەوەبوو،کەدووبارە پەیوەندیەکان تێکچوونەوەوگرژی وئاڵۆزی لەپەیوەندیەکانیان دروستبو،چونکە یەکەم ڕێککەوتنەکان وەك خۆی جێبەجێنەکران وبزوتنەوە لەئاستی سەرکردە مەیدانیەکان

پێیان وابوو،کەهەلومەرجی بەستنی ئەم ڕێککەوتنە لەبارنەبوو ،هیچ ڕێزێکی بۆبزوتنەوە تیانیە ،دووەمیش بزوتنەوە بۆگرتنەوەی ناوچەکانی پێشوتری لەشارەزووروپشدەر بوە هاوپەیمانی شەڕی پارتی ،سێیەم:بزوتنەوە لەدوای گیرانی سەرکردایەتی ژمارەیەك لەپێشمەرگەکانی چوبونە سنورەکانی ئێران وهەندیکیشیان خۆیان شاردبۆوە،چوبونە بارەگاکانی پارتی،مەلاعوسمان وهەندێك لەسەرکردەکانی بزوتنەوە چنە(مەسیف سەلاحەددین)ولەوێ مانەوەوبارەگایان وەك سەرکردایەتی دانابوو ،لەپێناوی هەستانەوەی بزوتنەوەی ئیسلامی ،مەلاعەلی بەرەی شەڕی لەهەڵەبجەو شارەزوور کردەوەو عەلی باپیریش بەرەی شەڕی لەپشدەرکردەوە ، بەمەش دووبارە شەڕ لەنێوانیاندا هەڵگیرسایەوەو پەیوەندیەکان تێکچونەوە ،لەڕۆژی 1994/6/8 دووبارە شەڕوئاڵۆزی سەریهەڵدایەوە،هیزەکانی بزوتنەوە هێرش دەکەنەسەر گردەنازێ وشانەدەر،دواتر لەگەڵ پارتی هێرش دەکەنەسەرپێنجوێن.

دوای ماوەیەکی تر لە1994/8/6 پارتی وبزوتنەوە هێرشیان کردەسەر پشدەرو نزیکەی 20کوژراو23 برینداریان هەبوو،لە1994/8/22 هێرش دەکەنەسەر سەیدصادق ودەستیان بەسەر سەیدصادق وشانەدەری وسەرای سوبحان ئاغاوگوندی گرێزەدا گرت ،بەڵام لەشەوی 23-1994/8-24یەکێتی دژە هێرشێکی ئەنجامداو ئەوناوچانەی لەپارتی وبزوتنەوە وەرگرتەوە .

یەکێتی لەبەر شەڕی لەگەڵ پارتی حەزی لەوەستانی شەڕبوو لەگەڵ بزوتنەوە،دواتر بەڕەسمی لەپەرلەمان ڕێککەوتن لەنیوان بزوتنەوەو یەکێتی کرا،بزوتنەوە گەڕایەوە ناوشارەکان وزۆربەی بنکەو بارەگاکانی خۆی لەیەکێتی وەرگرتەوە ،ئەوکاتە سلێمانی وهەولێریش لەژێر دەستی یەکێتدابوون ،لەبەرئەوە پەیوەندیەکانیان تارادەیەك ئاسایي بوەوە، هەربۆیە ئەبینین لەڕۆژی 1994/11/6جەلاڵ تالەبانی سکرتێری یەکێتی نیشتمانی کوردستان و ملازم عومەر سەرپەرشتیاری مەڵبەندی سلێمانی ،سەردانی مەڵبەندی سلێمانی بزوتنەوەیان کردووە.

لێرەبەدواوە پەیوەندیەکانی نێوان یەکێتی وبزوتنەوە ئاسایی بونەوە،(کۆسرەت ڕەسوڵ) پەیوەندی بەباڵەکەی (عەلی باپیر)هوە دەکات وتیایدا ئامادەیی یەکێتی بۆئاسایی کردنەوەی پەویوەندیەکانیان دەدەبڕن . بەگوێرەی ڕاپۆرتە هەواڵێکی گۆڤاری (جەماوەر)،بزوتنەوە چەندین جار سەردانی یەکێتیان کردووە،بۆئەوەی کەشەڕوپێکدادانی نێوان یەکێتی وپارتی کۆتایی بێت ،بۆنمونە لەشاری سلێمانی شێخ محەمەد بەرزنجی وئەندامانی مەڵبەندی بزوتنەوە سەردانی نەوشیروان مستەفادەکەن ،لەهەمان کاتدا مەڵبەندی بزوتنەوە لەشاری سلێمانی نوێنەرانی پارتی ویەکێتی و شیوعی کۆکردۆتەوە بۆچارەسەرکردنی گرفتەکان ومەسەلەی ئاشتی . بەهۆی ئەم هەوڵانەی بزوتنەوەی ئیسلامیەوە شەوی 1994/12/19 کاتژمێر8ی شەو(جەوهەر نامیق)سەرۆکی پەرلەمان وفازڵ میرانی ،ئەندامی مەکتەب سیاسی پارتی ،کەمال فوئاد ئەندامی مەکتەبی سیاسی ومحسین عەلی ئەکبەر لێپرسراوی مەڵبەندی ڕێکخستنی سلێمانی یەکێتی سەردانی مەڵبەندی سلێمانی بزوتنەوە دەکەن و سوپاسی هەوڵە ئاشتیخوازانەکەیان دەکەن

هەرسەبارەت بە پەیوەندیەکانی یەکێتی و بزوتنەوە لەکۆتا ڕۆژەکانی ساڵی 1994،لەدوو چاوپێکەوتندا هەریەك لەجەلال تاڵەبانی سکرتێری یەکێتی ونەوشیروان مستەفای جێگری سکرتێر،ئاماژەبەوە دەکەن ،کەپەیوەندیەکانیان ئاساییەو بەرەوباشتریش دەڕوات . لەڕۆژی 1994/12/21بزوتنەوەلەگەڵ 11پارتی سیاسی تری هەریمی کوردستان بەیاننامەیەك واژۆدەکات ،بەمەبەستی کۆتایهێنان بەشەڕی یەکێتی وپارتی ،ئەمەو جگەلەو ڕێککەوتنانەی لەنێوان بزوتنەوەوحزبی سۆسیالیستی کوردستاندا هەبوون ،بۆدوورخستنەوەی شەڕ لەناوچەکانی شارەزوور وهەڵەبجە،لەڕۆژی 1995/4/18و1995/8/8و1996/1/1 .

لەساڵی 1995و1996پەیوەندیەکانی نێوان بزوتنەوەویەکێتی ئاسایی بوون ،لەساڵی 1996ئاشتەوای هەبوو لەنێوان بزوتنەوەویەکێتی ،بزوتنەوە لەڕێگەی بونی پەیوەندي لەگەڵ یەکێتی وپارتی لەیەك کاتدا،کادروچەکداری هەردوولای ئەپاراست ،تەنانەت هەندێك لەسەرکردەکانی بزوتنەوە باس لەوەدەکەن کەچەندین کادیروئەندامی سەرکردایەتی یەکێتیان لەکاتی ڕووداوەکانی 31ئابدا ڕزگارکردووە.

لەم قۆناغەدا بزوتنەوەی ئیسلامی (باڵەکەی مەلاعەلی هەڵەبجە)بەهۆی ئەو پەیوەندیە بەهێزەی لەگەڵ پارتیدا هەیبوو،بەشداری کابینەی سێیەمی حکومەتی هەرێم (کابینەی هەولێر-پارتی)کردو بەزەرورەتێکی قۆناغەکەی دانا ،بەدوو وەزیر بەشداربوو ئەوانیش،(مەلاعەبدولغەنی تەها)وەزیری هەرێم،(محەمەد بازیانی)وەزیری کشتوکاڵ بوو ،باڵەکەی (عەلی باپیر) یەکێتی ئاگاداردەکەنەوە ،کەئەوە ڕای هەموو بزوتنەوە نیە . بۆیە دەتوانین بڵێین بزوتنەوە باڵی (عەلی باپیر)پەیوەندی خۆی لەگەڵ یەکێتی پاراست ،لەکاتی هێرشەکانی یەکێتی بۆسەر ناوچەکانی پارێزگای سلێمانی ،کەناوی نابوو(گەردەلولی تۆڵە )،چەندین دانیشتنیان لەگەڵ بزوتنەوەدا کرد .ئەو هێزانەی یەکێتی کەهاتبونە ناوچەکانی هەڵەبجەوخورماڵ بەسەرپەرشتی (فەرەیدون عبدلقادر)کۆبونەوەیەك لەگەڵ (عەلی باپیر)دەکەن،بۆدوورکەوتنەوە لەشەڕوپێکدادان لەگەڵ هێزەکانی بزوتنەوە،یەکێتی هێزەکانی لەوناوچەیە دەکێشێتەوە،تەنانەت

بزوتنەوە لەوێ ئەرکی پاراستنی بارەگاکانی یەکێتی دەگرێتە ئەستۆ ،لە1996/10/31 ڕێککەوتنامەی ئەنقەرە واژۆکرا،ئەمەش هەرێمی کوردستانی دابەشکرد ،دوای ئەوەی هێزەکانی یەکێتی گەڕانەوە ناوچەکانی پارێزگای سلێمانی ،کۆبونەوەیەك لەنیوان یەکێتی وئەم باڵەی بزوتنەوە دەکرێت،پرۆتۆکۆلێك واژۆ دەکەن،لەوێدا یەکێتی پێشنیازی بەشداری بزوتنەوە لەکابینەی سلێمانی دەکات،بەڵام بزوتنەوە پێیان ڕادەگەیەنێت ،کەبەشداری ناکەن،بەڵام دۆستایەتی دەپارێزن.

تەوەرەی شەشەم:ڕێککەوتنی تاران لەساڵی 1997وکاریگەری لەسەرئاسایی بونەوەی پەیوەندیەکان

سەرەڕای ئاگربەست وئاشتیەکی کاتی لەنێوان یەکێتی وبزوتنەوەدا،کەچی ڕووداوەکانی دواتر دەریان خست کەهێشتا پەیوەندیەکان ئاسایی نەبونەتەوە،هەربۆیە دەبینین لە1997/4/8دووبارە پەیوەندیەکانی نێوان یەکێتی وبزوتنەوە تێك دەچنەوەو شەڕ لەناوچەکانی هەڵەبجە سەری هەڵدایەوە ، هۆیەکانیشی ئەمانەبوون:

-1بزوتنەوە لەڕووی سەربازیەوە داڵدەی هێزەکانی پارتی دابوو لەوناچەیە(پێش31 ئاب هێزەکانی پارتی لەناوچەی هەلەبجەبوون)،چەند جارێك هێرشیان لەوێ بۆسەر یەکێتی دەکردودەشکان ودەگەڕانەوە هەمان ناوچە،واتە ببوە ناوچەیەکی دژ بەیەکێتی هەرچەندە لەدوای 31ئاب هێزەکانی پارتی لەوناوچەیە هەبوون،هەروەها لەڕووی سیاسیش تاکە لایەن بوو،لەهەموو قۆناغەکان پشتی پارتی بەرنەدا.

2-لەڕووی کارگێڕیش ئەوناوچانەی ژێردەسەڵاتی بزوتنەوە لەوێ سەربە ئیدارەی-هەولێری(پارتی)بوو،دانی بەحکومەتی سلێمانی نەدەنا.

-3هۆکارێکی تری ناڕاستەوخۆی ئەم شەرە ئەوەبوو،کەوەك کارتی فشار بەکاری بهێنێت بۆئەوەی بزوتنەوە لەکابینەی هەولێر(پارتی)بکشێتەوەو لەگەڵ یەکێتیدا ڕێك بکەوێت ،ئەوەتا دەسەڵاتدارانی ئەوکاتەی ئەکێتی نایشارنەوە،کەیەکێکی دیکە لەوکێشانەی کەڕووبەڕووی حکومەتی هەریم-کابینەی سلێمانی-بووە مەسەلەی دەسەڵاتی بزوتنەوە لەناوچەکانی هەڵەبجەوهەورامان وشەڕوپێکدادانی نێوانیان بوو،بزوتنەوەی ئیسلامی لەسەرەتادابەشداریان لەوحکومەتەدا نەکرد کەیەکێتی لەسلێمانی پێکهێنابوو،بەڵام دوای هەوڵدانێکی زۆر ڕۆژی 1997/4/8نوێنەرانی یەکێتی،بزوتنەوە،یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان،حزبی سۆسیالیست،حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان ،پارتی پارێزگارانی کوردستان ،بزوتنەوەی ڕاپەڕینی ئیسلامی ،لەگوندی (گوڵەخانە)ی سەربەقەزای سەیدسادق،بەچاودێری نوینەری کۆماری ئیسلامی ئێران کۆدەبنەوەو ڕێکەوتنی نێوان یەکێتی وبزوتنەوە واژۆدەکەن ،بەمەبەستی ڕاگرتنی شەڕوچەسپاندنی ئاشتی .ڕێککەوتنەکە لە(11)خاڵ پێکهاتبوو ،لەوانە:ڕاگرتنی دەست بەجێی شەڕ،گێڕانەوەی بارەگاکانی هەردوولا بۆشوێنەکانی خۆیان ،هەڵەبجەوقایمقامەکەی سەربە پارێزگای سلێمانی دەبن ویاسای پارێزگاکان جێبەجێ دەکات ،لەبەڕێوەبردنی هەلەبجەدا ڕای بزوتنەوە وەردەگیرێت.

بەڵام ئەم ڕێککەوتنە ئاشتی یەکجاری لەنێوان هەردوولا نەهێنایەدی وخاڵەکانی ڕێککەوتنەکەوەك خۆی جێبەجێ نەکران ،هەرلایەکیان ئەوەی تری تۆمەتبار دەکرد،بەپابەند نەبوون بەخاڵەکانی ڕێککەوتنەکەوە. بزوتنەوەش لەزاری گوتەبێژێکی خۆیەوە ڕاگەیەنراوێکی بڵاوکردۆتەوە ،سەبارەت بەڕووداوەکانی هەڵەبجەو ڕێککەوتنی گوڵەخانە،کەتێیدا باس لەوەکراوە یەکێتی نایەوێت بنەماکانی ڕێککەوتنەکان جێبەجێ بکات وبەردەوامە لەپێشێلکاری ڕێککەوتنەکە ،بۆئەمەش ئاماژەی بەچەندین خاڵ کردووە ،لەوانە: گرتنی ژمارەیەك لەئەندامانی بزوتنەوە وخەڵکی بێلایەن لەشارەکانی سلێمانی وڕانیەوچوارقوڕنە وهەڵەبجەی تازەوگەرمیان،سوتاندنی مزگەوتی جیهاد لەشاری سلێمانی ،ڕێگاگرتن لەهاتنی خۆراك بۆشاری هەڵەبجەو ئازادکردنی ئەو هاوڵاتیانەی کەلەشاری سلێمانیەوە خۆراك وسوتەمەنی بۆهەڵەبجە دەبەن ،تاڵانکردنی ماڵی حەوت هاوڵاتی لەشاری سلێمانی بەبیانوی ئەوەی سەربەبزوتنەوەی ئیسلامین.

لەبەرامبەر ئەوەدا (فەرەیدون عبد القادر)وەك پارێزگاری ئەوکاتەی سلێمانی لەڕوونکردنەوەیەکا وەڵامی بزوتنەوەی داوەتەوە،لەڕوونکردنەوەکەدا هاتووە:یەکێتی لای خۆیەوە هەمووخاڵەکانی جێبەجێکردووە،وەك کردنەوەی بارەگای بزوتنەوە لەشاری سلێمانی ،بەلام بزوتنەوەبەمەرج ڕێگای بەکردنەوەی بارەگای یەکێتیداوە لەناوچەکانی ژێردەسەڵاتی خۆیدا،لەکۆی(14)بارەگا تەنها ڕێگەیان بەیەك بارەگای یەکێتیداوە بکرێتەوە،هەروەها بزوتنەوە بازگەوخالەکانی پشکنین کەبەنایاسایی دایناون،هەتا ئێستا ڕادەستی ئیدارەی پارێزگای نەکردۆتەوە،لەگەڵ ئەوەشدا قایمقامی هەڵەبجە نەهاتووە بۆپارێزگای سلێمانی هەتا بەفەرمی وبەشێوەیەکی یاسایی دابنرێت وبتوانێت وەك یەکەی ئیداری هەڵەبجە ئەرکی پاراستنی سەرجەم هاوڵاتیان لەئەستۆبگرێت بەبێ جیاوازی .

بۆیە جارێکی تر شەڕوپێکدادانەکانی نێوانیان دەست پێدەکاتەوە،هەردوولا خۆیان بۆ قۆناغێکی تری شەڕ ئامادەکرد،هەرلە 1997/4/16فەرماندەی گشتی هێزەکانی یەکێتی بە ئامادەبوونی (جەبار فەرمان،مستەفای سەیدقادر،کوردۆقاسم،عوسمانی حاجی مەحمود،شێخ

جەعفەر،عەدنانی حەمەی مینا،مەحمود سەنگاوی)لە قەڵاچوالان لەگەڵ مام جەلال کۆدەبنەوە،لەو کۆبونەوەیەدا بڕیاری شەڕی بزوتنەوە دەدەن، 1997/4/26لەهەموو قۆڵەکانەوە هێرش بۆسەر بزوتنەوە دەست پێدەکات ،لەهەندێك لەقۆڵەکانەوە یەکێتی پێشڕەوی کردوفشاری لەسەر بزوتنەوە دروستکرد،بەڵام بەهۆی ڕێککەوتنی (تاران)ی نیوان بزوتنەوەو یەکێتی شەڕەکە وەستێنرا. ئەم ڕێککەوتنەش بەهۆی ڕۆڵی ئێرانەوە بوو،دەقی ڕێککەوتنامەکەش لە 1997/5/1دا بڵاوکرایەوە،کەلە 12خاڵ پێکهاتبوو،گرنگترینیان :1-ڕسواکردنی شەڕو ڕاگەیاندنی وەستانی شەڕوئاساییکردنەوەی بارودۆخەکەونەهێشتنی دیاردەی گرتن وئازادکردنی گیراوەکان ،مەڵبەندەکان وبارەگاکانی هەردوولا دەگەڕێنەوە شوێنی پێشووی خۆیان ،هەروەها بەشداری بزوتنەوە لەحکومەتی هەرێم-کابینەی سلێمانی-بەم شێوەیە:لەسەرئاستی هەڵەبجە قایمقام لەبزوتنەوە دەبێت ،دوو وەزارەتیان پێ دەدرێت لەحکومەت،دووبریکاری وەزیر،دوو بەڕێوەبەری گشتی ،سێ سەرۆك شارەوانی ،چوار بەڕێوەبەری ناحیە،ئەمەو جگەلەوەی یەکێتی مانگانە (2)ملیۆن دیناریارمەتی دەدات بە بزوتنەوە،کۆماری ئیسلامی ئێران گرەنتی جێبەجێکردنی ئەم ڕێککەوتنەیە .

دوابەدوای ڕێککەوتنەکەش ،لەدیوانی پارێزگای سلێمانیدا هەردوولایەنی یەکێتی وبزوتنەوە بۆ ئاسایی کردنەوەی بارودۆخەکەو پەیوەندیەکانیان کۆبونەوە،بەئامادەبونی فەرەیدون عەبدولقادر ئەندامی مەکتەبی سیاسی وپارێزگای سلێمانی وشەوکەتی حاجی مشیرئەندامی فەماندەیی گشتی هێزی پێشمەرگە لەیەکێتی ،لەلایەنی بزوتنەوەشەوە شێخ محەمەد بەرزنجی ئەندامی مەکتەبی سیاسی وجەمال ئەشرەف قارەمانی لێپرسراوی مەڵبەندی شەشی بزوتنەوە،لەو کۆبونەوەیەدا باسی هەلو مەرجی ناوچەی هەڵەبجەوڕێوشوێنی جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی تاران کرا،تیایدا بڕیاردرا بەڕاگەیاندنی ڕاگرتنی شەڕوجێگیرکردنی ئاگربەست،لەوناوچەیەی دووبارە بکرێتەوە،بەهۆی دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە لەگەڵ چەند خاڵێکی تردا .

جێی ئاماژەیە ئەم ڕێککەوتنە تاڕادەیەکی زۆر کۆتایی بەشەڕوپێکدادانەکانی نیوان یەکێتی وبزوتنەوە هێناو پەیوەندیەکان ئاسایی بوونەوە،تەنانەت باس لەوەش دەکرێت (مەلاعوسمان عەبدولعەزیز)ی ڕابەری گشتی بزوتنەوە کەلەساڵی 1987وە ڕابەربوو لادراو (مەلاعەلی عەبدولعەزیز)ی براو جێگری خرایە شوێنی ،بۆچونێك پێی وایە،کەلادانەکە پەیوەندی بەئاسایی کردنەوەی پەیوەندیەکانی لەگەڵ یەکێتی هەیە،چونکە ناوبراو لەکاتی شەڕی ناوخۆی یەکێتی وبزوتنەوە دووسێ کوڕی خۆی کردبوە قوربانی ،لەبەر ئەوە مەکتەبی سیاسی بزوتنەوە قەناعەتیان وابوو ،کەمەلا عوسمان ئامادەیی ئەوەی تیانیە ،کە بتوانێت جارێکی ترلەسەرمێزی گفتوگۆ لەگەڵ یەکێتی دانیشتێت ، ئەوەبوو بزوتنەوە بەشداری لەحکومەتی هەرێم کابینەی سلێمانی کرد ، لەڕۆژی 1997/8/6بەپێی مەرسومێکی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ،هەریەك لە(محەمەد عومەر عەبدولعەزیز-بەوەزیری ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی ،عەبدولڕەحمان مەعروف محەمەد –نەوەرسی بەوەزیری داد) ڕاسپێردران وسوێندی یاساییان خوارد،بەمەش حکومەتی هەریم –کابینەی سلێمانی –خۆی لەو کێشە گەورەیە ڕزگارکرد،کە بزوتنەوە لەهەندێك ناوچەی ژێردەسەڵاتیدا بۆی دروستکردبوو،هەرسێ ڕۆژ دوای ئەوە حکومەتی هەرێم-کابینەی هەولێر بڕیاری لابردنی هەردوو وەزیرەکەی بزوتنەوەی دەکرد،جێی ئاماژەیە پێشتر لەبەرئەو ناکۆکیە قوڵەی کە بزوتنەوە لەگەڵ یەکیتی هەیبوو بەشداری لەسلێمانی نەکرد،بەڵکو لەگەڵ پارتی هاوکاریکردو بەدوو وەزیر بەشداری لەکابینەکەی هەولێر کردبوو ، کاتێك بزوتنەوە بەکابینەی سلێماینەوە لەساڵی 1997 پەیوەست بوو،پارتی بزوتنەوەی لەسێیەمین کابینەی هەولێر دەکرد.

لەدوای بەشداریکردنی بزوتنەوە لەحکومەتی هەریم کابینەی سلێمانی ،بەنوسراوێکی فەرمی کەمەکتەبی عەسکەری ئەو حزبە لەڕۆژی 1997/8/7دەریکردووە،داوا لەسەرجەم هێزەکانی خۆیان دەکات ،کەپابەندبن بەبڕیارەکانی حکومەتەوەو گیروگرفتی بۆدروست نەکەن وبڕیارەکانی حکومەت جێبەجێ بکەن ،لێرەوە بزوتنەوە پابەندی خۆی بەڕێککەوتنی (تاران)ڕاگەیاند.

بەم شێوەیە دووبارە پەیوەندیەکانی نێوان یەکێتی وبزوتنەوە گەڕایەوە بارێکی ئاسایی وکۆتایی بەقۆناغێك لەشەڕو ململانێی خوێناوی هات،چەندین دیدارو سەردان لەم ساڵە بەدواوە لەنێوانیاندا ئەنجامدران ،لەڕۆژی 8/29شاندێکی باڵای بزوتنەوە لەسەر بانگهێشتی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بەشداری دانیشتنی لایەنە سیاسیەکانیان کرد لەئوتێل ئاشتی شاری سلێمانی،کەتیایدا جەخت لەسەر ئاشتی وسەقامگیری کرایەوە، هەر بەگوێرەی هەواڵێکی ڕۆژنامەی بزوتنەوە ،ڕۆژی دووشەمە 1997/9/7 شاندێکی مەکتەبی سیاسی بزوتنەوە کە پێکهاتبون لە:ئەحمەد کاکە مەحمود ،کامیلی حاجی عەلی ،دکتۆر ئیبراهیم وقاسم مستەفا،سەردانی مەکتەبی سیاسی یەکێتیان کردوەو لەلایەن ملازم عومەر وعومەری سەیدعەلی،ئەندامانی مەکتەبی سیاسی وموحەمەد شاکەلی،عیماد ئەحمەد ئەندامانی یەدەگی مەکتەبی سیاسی وچەتۆ حەوێزی بەرپرسی پەیوەندیەکانی یەکێتی پێشوازی کراون ،لەدانیشتنیکی کاتژمێرونیویدا باسی پەیوەندیەکانی نیوان هەردوولاو کۆمەڵێك پرسی تر کراوە،

لەرۆژی 1998/9/14 سەرۆکی حکومەت (ئیدارەی سلێمانی)کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی سەردانی ڕابەری گشتی بزوتنەوەی کردو جەختیان لە پەیوەندیەکانی نیوان هەردوولا کردەوە.

لەدوای چەندین دانیشتن وکۆبونەوە لەنیوان یەکێتی وپارتی بەهاندانی ئەمریکا،بەتایبەت وەزیری دەرەوەی ئەووڵاتە(مادلین ئۆلبرایت)،لەرۆژی 1998/9/17 ڕێککەوتنی (واشنتۆن)لەنیوان یەکێتی وپارتی واژۆکرا ،بۆکۆتاپێهێنان بەشەرونائاسایکردنەوەی بارودۆخی سیاسی هەرێمی کوردستان،هەر لەم بارەیەوە بزوتنەوە لەبەیاننامەیەکیدا پشگیری ئەو هەنگاوە لەهەردوو لایەن دەکات ، لەرۆژی 9/20شدا مەکتەبی ڕێکخستنی بزوتنەوە لەنوسراوێکدا بۆ ڕێکخستنەکانی خۆی ،هەڵوێستی بزوتنەوە ڕووندەکاتەوەو باسی ڕێککەوتنەکە دەکات وداوایان لێدەکات تەبایی وئاشتی بپارێزن.

سەبارەت بەپەیوەندیەکانی یەکێتی وبزوتنەوە لەکاتی دروستبونی یەکبون ، ئەوەبوو کەزۆر ئاسایی بوو،تەنانەت لەکاتی کۆنگرەی یەکبوندا ،یەکێتی چەند کەسێکیان وەك نوێنەری خۆیان نارد کە پێکهاتبون لە(کۆسرەت ڕەسوڵ،عومەر فەتاح،قادری حاجی عەلی ،عیماد ئەحمەد،ئەندامانی مەکتەبی سیاسی ،مستەفای سەیدقادر،وەزیری ناوخۆ،شیخ جەعفەرمستەفا بریکاری وەزارەتی کاروباری پێشمەرگایەتی ،مامۆستا جەمال لێپرسراوی مەڵبەندی 9ی شارەزوور )،تیایدا وتاری پیرۆزباییان خوێندەوە ، بەوتەی یەکێك لەئەندامانی سەرکردایەتی ئەوکاتەی بزوتنەوە،یەکێتی ئەم هەنگاوەی پێخۆش بوو،چونکە زیاتر ئاگاداری بەرنامەوستراتیژی حزبەکە دەبوون ،ئەمەو جگەلەوەی حزبەکە لەحکومەتەکەی یەکێتیدا بەشداربوون وکاروچالاکی خۆیان دەکرد،لێرەوە پەیوەندیەکانی نێوانیان ئاسایی بوەوە،لەوبارەشەوە چەندین کۆبونەوەو دانیشتن کران،کۆتایی بەقۆناغێك لەشەڕی نێوخۆی هات، بەڵام دوای ساڵێك لەدورستبونی بزوتنەوەی یەکبونی ئیسلامی ،لەکۆنگرەی تەوێڵە لەئابی 2000دا بەهۆی کێشەو گرفتەناوخۆیەکانی و دەرنەچونەوەی کۆمەڵێك لەوکەسانەی کەنزیك بوون لەڕابەری گشتی (مەلا عەلی عەبدولعەزیز)،ئەنجامی کۆنگرەی واژۆنەکرد.

سەبارەت بەپەیوەندیەکانی یەکێتی وبزوتنەوە لەقۆناغی یەکبونیشدا ،زۆرباش وئاسایی بوون،تەنانەت لەکاتی ئەم گیرفتانەی ناو یەکبون ،باس لەوە دەکرێت ،کە مام جەلال کەوتۆتە نێوانیانەوە بۆئەوەی کێشەکانیان چارەسەربکەن .

## دەرەنجام

لەدوو توێی ئەم توێژینەیەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

1-پەیوەندیەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان وبزوتنەوەی ئیسلامی لەسەرەتای دروست بونی بزوتنەوەوە باش بوون ،ئەمەش زیاتر بەهۆی ئەو بارودۆخەوەبوو کەپارتەسیاسیەکانی تێدابوو بەکشتی،لەدوای ساڵی1988تاوەکو ڕاپەڕینی 1991لەسەر سنوری ئێران بوون،هیچ پێگەیەکی جوگرافی فراوانی حوکمڕانیان نەبوو تاوەکو ململانێی لەسەربکەن.

-2لەکاتی ڕاپەڕینی بەهاری 1991دا هەماهەنگی وپەیوەندی هەبوو لەنێوان ئەم دووهێزەچەکدارەی کورد،لەزۆر شوێن بەیەکەوە بەرگریان کردووە.

-3لەدوای ڕاپەڕین وهەڵبژاردنە پەرلەمانیەکەی ساڵی 1992پەیوەندیەکانی نێوان یەکێتی وبزوتنەوە ئاسایی بوون ،هەرچەندە گیروگرفتی سیاسی وفکری هەبوون،بەڵام نەگەیشتەڕادەی پێکدادانی چەکداری وشەڕی بەرەیی.

-4لەساڵی 1993وە پەیوەندیەکانی نێوان ئەم دووپارتە بەرەو تێکچوون وشەڕی چەکداری ڕۆیشت،ئەویش بەهۆی چەندین هۆکاری سیاسی وئایدۆلۆجی وسەربازیەوە لەوساڵەدا.

-5پەیوەندیەکانی نێوان یەکێتی وبزوتنەوە تاوەکو ساڵی 1996 ئاسایی نەبونەوە،لەساڵی 1996 بەهۆی شەڕی نێوان یەکێتی وپارتی ،تاڕادەیەك پەیوەندی یەکێتی لەگەڵ باڵێکی بزوتنەوە ئاسایی بوو.

-6لەمانگی چواری ساڵی 1997دووبارە شەڕوپێکدادانی چەکداری لەنێوان ئەم دووپارتە چەکدارەدا هەڵگیرسایەوە،بەڕێککەوتنی (تاران)ی نێوانیان لەوساڵەدا بەیەکجاری کۆتایی بەشەڕی نێوانیان هات.

-7دەرەنجامی تێکچوونی پەیوەندیەکانی نێوان یەکێتی وبزوتنەوە ،زیانێکی زۆری گیانی وماڵی بەر خەڵکی کوردستان گەیشت ،کەچەندین کوژراوبریندار لەهەردوولا لێکەوتەوە.

-8ڕێککەوتنی تاران لەساڵی 1997دا ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لەئاسایی بونەوەی پەیوەندیەکانی نێوان یەکێتی وبزوتنەوەوکۆتایی هێنان بەشەڕوپێکدادان وبەشداری بزوتنەوە لەوئیدارەیی یەکێتی لەپارێزگای سلێمانی دروستیکرد.

## سەرچاوەکان

یەکەم:بەڵگەنامەکان

بەزمانی کوردی

-1ئارام قادروئیدریس سیوەیلی :بەڵگەنامەکان دەدوێن ،بزوتنەوەی ئیسلامی لەکورستان/عێراق،بەرگی یەکەم ،چاپی یەکەم، سلێمانی ،2013.

-2دەق ڕێککەوتنی نیوان یەکێتی وبزوتنەوە لەساڵی 1997.

-3ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق ،پرۆتۆکۆلەکان 1993، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، 1997.

-4سەلیم نادر،بزوتنەوەی ئیسلامی وهەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆتاکۆتای ساڵی 1993،بەڵگەنامەوساغ کردنەوەی ،سلێمانی ،2004.

بەزمانی عەرەبی

-منظمه العفو الدولي ،نقض العهود واهدار حقوق الانسان في كردستان العراق.

دووەم :کتێب وبلاوکراوەو یادداشت

یەکەم :بەزمانی کوردی

-1حبيب محمد كريم،تأريخ الحزب الديموقراطي الكردستاني-العراق (في محطات رئيسيه)1946-1993،مطبعة خبات ،دهوك ،1998.

-2صلاخ الخرسان ،التيارات السياسية في كردستان العراق (1946-2001)،ط1،مؤسسةالبلاغ للطباعةوالنشر والتوزيع ،بيروت ،لبنان ،2001.

-3فاضل الزهاوي ،حرب الخليج وانتفاضةكردستان العراق ،السليمانية ،2004.

-4حرب الخليج والانتفاضةكردستان العراق ،مطبعة روون ،من مطبوعات المديرية العامة للطباعةوالنشر في الوزارة الثقافة،سليمانية،2004.

-5مجموعة من الباحثين ،الحركة الاسلامية في كردستان ،الطبعةالاولى ،مركز المسبار للدراسات والبحوث ،2010.

-6ماجد الماجد ،انتفاضة الشعب العراقي 1991،دار الوفاء،بيروت،1991.

-7محمد سيدنوري البازياني ،مستقبل الحركة الاسلامية في كردستان العراق ،الطبعةالاولى ،اربيل ،2006.

-8الحزب الديموقراطي الكردستاني ،مكتب الدراسات والبحوث المركزي ،الاقتتال الداخلي في كردستان العراق –كيف اندلعت ومن المسؤل عنه ،د.م،1997.

دووەم :بەزمانی کوردی

-1ئیدریس سیوەیلی :ڕەوتی ئیسلامی لەباشوری کوردستان 1946-1991،ب.ش،2009.

......-2لەهەناوی ئیخوانەوەو بۆچەخماخەی چەك ،چاپی یەکەم ،سلێمانی ،2009.

-3ئاراس عەبدولڕەحمان مستەفا،ڕاپەڕینی ئاداری 1991 لەباشوری کوردستان ،چ1،دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی ،سلێمانی ،2009.

-4بەدران ئەحمەد حبیب،هەڵبژاردنەکانی کوردستان 19ئایاری 1992بەڵگەودەستهاوێژ، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری ،هەولێر،1998.

-5حەسەن بابەکر،هەورازونشێو،کەمێك لەوەی لەبیرمە ،جموجۆڵی ئیسلامی لەکوردستانی عێراقدا1983-1991،چاپی یەکەم، چاپخانەی سیما، سلێمانی،2011.

-6عەبدوڵڵا مەلا ئەحمەد،مامۆستا مەلاعەلی عەبدولعەزیز، چ1،بێ شوێنی چاپ ،2008.

-7عەلی باپیر،چەند مەڵۆیەك لەخەرمانی تەمەنم(بیرەوەریەکانم)،بێ شوێنی چاپ،2014.

-8شەریف وەرزێر،ڕاپەڕین وسەروەری ،چاپخانەی شڤان ،سلێمانی ،2010.

-9شەریف وەرزێرو محەمەدی زەرزی ،جەولەیەك بەقوڵای خاکی نیشتماندا، چاپی یەکەم، سلێمانی،2009.

-10شەوکەتی حاجی مشیر،کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە بەهاری 1988، چاپی یەکەم، سلێمانی ،1998.

-11عەبدولڕەزاق مەرزنگ ،ڕاپەڕین بەهاری ئازادی ،چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی ،2004.

-12خەڵات موسا یوسف،پارت ورەوتێن ئیسلامی سیاسی ل هەرێما کوردستانێ –عێراق 1991/3/5-2003/4/9، چاپخانەی زانکۆی دهۆك ،دهۆك،2012.

-13ڕۆدهۆف میخایل لیزمێزیك زیتر مۆلر،هەڵبژاردنەکانی کوردستانی عێراق(19)ی مایسی 1992ئەزمونێکی دیموکراسیانە،وەرگێڕانی صەفوەت ڕەشیدصدق ،ب.ج.ب.م.

-14ڕیاز کاکە محمود،ڕابونی ئیسلامی لەبەردەم تیغەنادیارەکاندا ،چاپی یەکەم ،سلێمانی، 2011.

-15کەریم یەڵدز ،کورد لەعیراق ،و:شاهۆ بورهان،چاپخانەی کارۆ، سلێمانی ،2007.

-16گەراس ئارڤی.ستاتسفێڵد،کوردستانی عێراق (پەرەسەندنی سیاسی وپشکوتنی دیموکراسی)،وەگێڕانی لەئینگلیزیەوە/یاسین سەردەشتی ، چاپی یەکەم، سلێمانی،2010.

-17فەرەیدون عبدالقادر ،هەڵۆسورەکانی قەندیل ،چاپی یەکەم ،دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم، سلێمانی ،2017.

-18فاروق محەمەد ئەمین ،سیاسەتی ئێران بەرامبەر جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان1975-1989، چ1، سلێمانی ،2014.

-19سەلام عبدالكريم ،گوتاری ئیسلامی وگرفتی ئۆپزسیۆنی سیاسی ئایندەی ململانێی عەلمانی-ئیسلامی لەکوردستاندا،لەبڵاوکراوەکانی خانەی ڕەهەند،چاپخانەی ساڤا، سلێمانی،1009.

-20شاخەوان برایم عەبدوڵڵا،ئیسلامی سیاسی لەگوتاری توندڕەویەوە بۆخەونی خەلافەت ،چاپی یەکەم ،2017.

-21فاتح ڕەسوڵ ،لەپێناو دەسەڵاتدا، چاپی یەکەم،هەولێر،2007.

-22عەلی تەتەر نێروەیی ،بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد لەباشوری کوردستانی عێراق لەساڵەکانی جەنگی عێراق وئێراندا(1980-1988)، چ1،چاپخانەی حاجی هاشم ،دارسبیریز للطباعةوالنشر،دهوك ،2008.

-23عبدالستار ئەسەف هەورامی ،نمێك لەژیان وتێکۆشانی مامۆستا مەلامحمودی ئازادی، چ1،ناوەندی ڕێنوێن ،سلێمانی،2018.

-24محەمەد خدر،پشوی چیا،چاپی یەکەم،لەبڵاوکراوەکانی خانەی موکریانی بۆچاپ وبڵاوکردنەوە،هەولێر،2012.

-25محەمەد ڕەئوف ،هەڵبژاردن لەکوردستان 1992-2010،چاپی یەکەم،چاپخانەی کارۆ،لەبڵاوکراوەکانی کۆمپانیای شارپرێس ،سلێمانی،2013.

-26محەمەد حاجی محمود،ڕۆژژمێری پێشمەرگەیەك (1976-1996)،باسی 20ساڵ لەخەبات وڕووداوەکانی شۆڕشی گەلەکەمان ،ب4، 1992-1996،چاپخانەوئۆفیسی دیلان ،سلێمانی،2007.

-27مسعود عبدالخالق ،ناسنامەی حزبە کوردستانیەکان ،ڕەوتیان،ئایدیۆلۆ

-28مستەفا چاوڕەش،یادەوەرییەکان ،چاپی یەکەم،چاپخانەی سەردەم،سلێمانی،2014.

-29موسڵیح ئیروانی ،ئیسلام وناسیۆنالیزم لەکوردستاندا،سەرەتایەك لەبارەی کۆمەڵناسی ئاینیەوە،دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی ئاراس،هەولێر،2003.

-30نەوشیروان مستەفا ئەمین،خولانەوە لەناوبازنەدا،لەبڵاوکراوەکانی مەڵبەندی ئاوەدانی کوردستان،بەرلین ،1999.

.........31مفاوەزانی بەرەی کوردستانی ـبەعس 1991،سلێمانی ،2009.

-32نیاز سەعیدعەلی ،دیاردەی ئیسلامی سیاسی وڕەوتی ئیسلامی سیاسی لەکوردستانی عێراق،چاپخانەی ڕوون،سلێمانی ،2010.

-33هێرش عەبدوڵڵا حەمەکریم ،پەیوەندییە سیاسیەکانی نێوان هەرێمی کوردستان وتورکیا1991-1998،مەڵبەندی کوردۆلۆجی ،سلێمانی ،2008.

چوارەم: بەزمانی فارسی

-1علیرضا وحید وعلی گوڵچین ،سلفیت جهادي در کردستان عراق ،دانشگاه اطلاعات وامنیت ملی ،مؤسسه چاپ وانتشارات ،1396ه.ش.

پێنجەم :نامەی زانکۆیی

یەکەم/ بەزمانی کوردی

-1زانا فەقێ محمد،پارتی سۆسیالیستی کورد(پاسۆك)1975-1991،نامەیەکی ماستەرە،پێشکەشی بەشی کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتیەکانی زانکۆی سلێمانی کراوە،2016.

-2ژیلوان عبدالله احمد،حزبی شیوعی عێراق وڕۆڵی لەبزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لەباشوری کوردستان 1970-1991،نامەیەکی ماستەرە (بڵاونەکراوەیە)،پێشکەشی بەشی مێژووی کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەددین کراوە،2013.

-3مەسعود مەحمود حەسەن ،شاری سلێمانی 1988-2003،نامەیەکی ماستەرە(بڵاونەکراوەیە)،پێشکەشی بەشی مێژووی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی سلێمانی کراوە،2018.

دووەم/بەزمانی عەرەبی

-1اياد عجاج فيان ،العلاقات بين حزب العمال الكردستاني والاحزاب الكردية في العراق 1984-1999،رسالة ماجستر مقدمة الى الكلية الاداب ،قسم التأريخ في جامعة دهوك ،2012.

-2سفين ياسين عبدالله ،التيارات الاسلامية في كردستان العراق 1958-2003،رساڵه ماجستير(غير منشورة)،مقدمة الى مجليس كلية الاداب ،جامعة المنصورة،2015.

ژيان ،هەڵسەنگاندنێکی گۆڤار،چاپی یەکەم ،هەولێر،2009.

یەکەم/بەزمانی عەرەبی

النفير،العدد 4،تموز1989 –العدد (7)،شباط،1991.

دووەم/ بەزمانی کوردی

جەماوە(هەفتەنامە)،ژمارە(3)،هەینی 1994/12/16،ژمارە(5)،1994/12/23،ژمارە(6)،1994/12/3،ژمارە(4)،1994/12/23،ژمارە(62)،ئەلولی 1996

31ئاب ،ژمارە(5)،8تشرینی یەکەمی 1997

گۆڤاری (تایم)،ژمارە(2)،حوزەیرانی 1999،ژمارە(2)،حوزەیرانی 1999

ڕابەر،ژمارە(30)،ساڵی چوارەم ،ئاب وئەیلولی 1995،ژمارەی حوزەیران و تەموزی 1999

لڤین ،ژمارە (69)،لە2008/6/15.

ئیسلام پۆست ،ژمارە(6)،1ی نیسانی 2009

سێیەم/ بەزمانی فارسی

دوفصلنامە،پژوهشی جامعە شناسی جهان اسلام ،دورە (5.)

حەوتەم :ڕۆژنامەکان

یەکەم/بەزمانی عەرەبی:

الاتحاد (جريدة)،العدد (51)،1993/10/20 ، خەبات ، العدد (707)،1993/12/29.

دووەم/ بەزمانی کوردی

بەرەی کوردستانی ،ژمارە(4)،1992/5/9.

کوردستانی نوێ ،ژمارە (1930)،یەکشەمە،1999/8/22، ژمارە(1407)،دووشەمە،1997/4/28،ژمارە(1409)،دووشەمە،5/ 1997/5،ژمارە(1402)،پێنج شەمە،1997/4/10،ژمارە(1446)،ساڵی پێنجەم ،پێنج شەمە،1997/8/7،ژمارە(617)،ساڵی سێیەم ،چوار شەمە(1994/2/18)،ژمارە(572)،ساڵی دووەم،دووشەمە،1993/12/27،ژمارە (571)،یەکشەمە،1993/12/26،ژمارە(568)،ساڵی دووەم،شەمە 1993/12/22،ژمارە( 1404)،چوارشەمە،1997/4/16،ژمارە(1ژ1406)،پێنج شەمە،1997/4/24.

رۆژنامەی (برایەتی)،ژمارە (1833)،سێ شەمە،1993/12/28،ژمارە(1876)،چوارشەمە،1994/2/18،ژمار ە (1828)،شەمە،1993/12/23،شەمە،993!/12/25،ژمارە(1831) ،یەك شەمە،1997/12/26.

هەرێمی کوردستان ،ژمارە(31)،1997/5/30،خولی دووەم.

رۆژنامەی بزوتنەوەی ئیسلامی ،ژمارە ئەزمونی ،27نیسانی 1992،ژمارە(2)،1992/5/15،ژمارە(3)،1992/6/4،ژمارە(23)،پێنج شەمە ،1997/9/17،ژمارە (24)،پێنج شەمە،1998/10/1،ژمارە(12)،یەکشەمە،1993/4/25،ژمارە(13) ،1993/5/9،ژمارە(13)،لەرۆژی 1993/5/9،ژمارە(7)،پێنج شەمە،5تشرینی دووەمی 1993.

رێگای یەکبون ،ژمارە (45)،دووشەمە،1999/9/6،کۆمەڵ ،ژمارە (2)،2001/2/19،ژمارە (165)،2005/2/26.

هەشتەم:ئینتەرنێت

-1سالار محمود ،چیرۆکی نوێژەکەی مام جەلال ومەلاعوسمان ، لەhttps://diplomaticmagazine.net/politics/1397 2018/11/10 بڵاوکراوەتەوە.

نۆیەم :چاوپێکەوتنەکان

-1چاوپێکەوتن لەگەڵ عەلی باپیر،بەرنامەی رووداو مێژوو لەکەناڵی ئاسمانیNRT

https://www.youtube.com/watch?v=XroEndPmqEM

-2چاوپێکەوتن لەگەڵعیرفان مەلا عەلی بەرنامەی پەنجەمۆر ،لەکەناڵی ئاسمانی رووداو،بەم لینکە : https://www.youtube.com/watch?v=gQpkXSsMfyg

هەروەها چاوپێکەوتنی ناوبراو لەگەڵ بەنامەی رووداو مێژوو ،لەکەناڵی ئاسمانیNRT

https://www.youtube.com/watch?v=Z9fR6osnMb0

-3چاوپێکەوتن لەگەڵ شوان رابەر،هەولێر ،لەرێگەی نامەوە،لەرۆژی 2018/11/26

-4چاوپێکەوتن لەگەڵ شوان هەورامی ،سلێمانی،2018/12/6.

-5چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەحسەن حەسەن،سلێمانی ،لەرێگەی نامەوە،2018/11/26.

-6چاوپێکەوتن لەگەڵ شەریف وەرزێر،رانیە،لەرێگەی نامەوە،2018/12/1.

-7چاوپێکەوتنی رووداو مێژوو لەگەڵ شێخ محەمەد بەرزنجی ،لەرۆژی 2013/7/6.

-8چاوپێکەوتنی رپاز کاکە محمود،لەگەڵ (عبدالرحمان عوسمان عبدالعزیز.)

-9چاوپێکەوتن لەگەڵ حەسەنی حەمەخالید ،سلێمانی ،لەرۆژی 2017/12/26.

بەڵگەنامەو پاشکۆکان ژمارە 1

دەقی رێککەوتنی یەکێتی وبزوتنەوە لەساڵی 1987 دەقی رێککەوتنامەی (تاران)

المحور الخامس ،يتناول العلاقات بين الحزبين1994 -1996.

المبحور السادس ،اتفاقية طهران في عام 1997 ومشاركة الحركة في ادارة السليمانية،وتأثيرة في تطبيع علاقات الحزبين.

يستند البحث الى مجموعة من المصادر ومذكرات السياسين والمقابلات الشخصيةوالوثائق،والتي اشرنا اليها في قوائم المصادر.

The first chapter: dedicated about relationship between two parties in the year 1987-1991.

The chapter two , we talked about between them after uprising 1991 till election 1992.

Chapter three :dedicated about relation after election 1992.

Chapter four : is about which reasons spoil relation between this two parties in the year 1993, after that we talked about a clash between them.

Chapter five :relation between them in the year 1994-1997.


27- Poeke , S.J.; Baumcart , I.R.;Loon – Van , J.A.; Huis – Van , A.D. and Kossou , D.R. (2004). Toxicity and repellence of African plants traditionally used for the protection of stored cowpea against *Callosobruchus maculatus* Fab. Journal protection research , 40: 423-438.

28- Singh , B. (2006). Safe storage of legume seeds from pets – Acase study in Cowpeas. ASA – CSSA – SSSA International Annual meetings IITA c/oL. W. Lambourn and Co. Crydon , CR93 EE , England Academiae Scientiarun Hungarioae. 7(4): 453 – 463.


Chapter six: about (Tehran)agreement in the year 1997 and effective to normal relation between (P.U.K)and (I.M.K.I) until year 1999.

Finally ,in the end of the research , the researcher has written the consequences that achieved from his writing , and this study is enriched by some indispensable documents and biography , as mentioned in the list of sources .

بەڵگەنامەو پاشکۆکان ژمارە(1)



دەقی ڕێککەوتنی یەکێتی وبزوتنەوە لەساڵی 1987


ڕێکەوتنی نامەی تایبەتە

ڕێککەوتننامەی تایبەت

بسم اللە الرحمن الرحیم

لە پێناوی ئاسایی کردنەوەی پەیوەندی نێوان یەکێتی نیشتمانی
کوردستان و بزوتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراقدا زنجیرەیەک
کۆبوونەوە کرا لە نێوان نوێنەرانی هەردوولا لە ۹۷۱٤۱۸ وە بە ئامادەبوونی
نوێنەرانی چەند هێزی کوردستانی لە کوردستانی عێراقدا تا کۆبوونەوەکانی
تایبەتی لە ۲۸--۳۰/۱٤/۲۹۹۷ بە ئامادەبوونی نوێنەری باڵای کۆماری
ئیسلامی، هەردوولا کۆک بوون بۆ دامەزراندنەوەی پەیوەندی برایەتی
یەکی یەکگرتوو لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستاندا و بۆ ئاشتییەکی
گشتی و هەمیشەیی و نەهێشتنی خوێنڕشتن بۆ هەمیشە لە بەرژەوەندییەکی گشتی نوێ و
پابەندبوون بە ئەنجامەکانی دروستکردنی کابینەیەکی هاوبەش بەپێی
نیسبەتی دەنگ.

وە بۆ داڕشتنی پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان یەکێتی و بزوتنەوەدا
نوێنەرانی هەردوولا ڕێککەوتن لەسەر :—

مام جلال

علی عبدالعزیز

دەقی ڕێککەوتنامەی (تاران)

